له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# مانگی ڕەمەزان

## دەروازەیەك بۆ لێخۆشبون

## و

## گەڕانەوە بۆ لای خوا

ئامادەكاران :

مامۆستا عدنان بارام ، مامۆستا دارا جبار ، مامۆستا هاوار عبداللە ،

مامۆستا كۆسار ، إدريس محمود

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراوومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

# حوكم و ئادابەكانی مانگی ڕەمەزان

م.عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، و أشهد أن محمدا عبده ورسوله .. أما بعد :

**موسوڵمانی یەكخوا پەرست : خوای پەروەردگار لە خوا ترسانی كردۆتە هۆكارێك بۆ زۆر كردار لە ژیانی موسوڵماندا ، بۆ نمونە كردویەتی بەهۆی هاتنە خوارەوەی بەرەكەتەكانی ئاسمان و زەوی و ڕشتنی بەسەر موسوڵماندا كە ئەفەرموێت** ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَـٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَـٰهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ ( سورة الأعراف : ٩٦ ) ، **وە كردویەتی بە هۆكارێك بۆ ڕزگاربوون لە ناهەمواریەكانی ژیانی و ڕۆزی دان كە دەفەرمووێ :** ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾ ( سورة الطلاق :

٢ – ٣ ) هەروەها کردویەتی بە هۆکارێك بۆ بەدەست هێنانی توانای جیاکردنەوەی ڕەوای و ناڕەوای لە یەکتر کە دەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢٩ ﴾ ( سورة الأنفال : ٢٩ ) ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە خوای پەروەردگار یەکێك لە هۆکارەکانی فەرز کردنی ڕۆژووی لەسەر موسوڵمانان و ئەهلی کیتاب بە لە خوا ترسان داناوە ودەفەرمووێ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٣ ) بۆیە هەر موسوڵمانێك بیەوێ بەرەکەتی خوای بەسەردا بڕێژێت و ڕزگاریش بێت لە ناهەمواریەکانی ژیان و ڕۆزیش بدرێت و فێری زانستە شەرعیەکان بێت و توانای جیاکردنەوەی ڕەوایی و ناڕەوایی هەبێ لە ژیاندا پێویستە ڕۆژووەکە لەسەر لەخوا ترسان بنیات بنێت کە هۆی سەرەکی ئەو هەموو کردارانەیە کە ئاماژەمان بۆ کردن .

**موسوڵمانی بەڕێز :** لەم ڕوانگەوە بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هەوڵی ئەوە دەدەم هەندێك لە حوكمەكانی ڕۆژووت بۆ ڕوون بكەمەوە ئەوەش بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە هیوای ئەوەی خوای پەروەردگار بە میهرەبانی خۆی لە ڕۆژی دواییدا چونە ژوورەوەمان لە دەرگای ( **الرَّيان** ) پێ كەرەم بكات ، ئەوەشت بیر خەمەوە كە نەكەی ئامان بڕواداران لەم خێرە بێ بەش بكەیت : چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:" من سن في الإسلام سنة حسنة ، فله أجرها وأجر من عمل بها إلى يوم القيامة"( رواه مسلم )

## حوكمەكانی ڕۆژوو

**برای باوەڕدار :** پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموێت : " من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو ردّ " ( متفق عليه ) ، واتە : هەركەسێك كردەوەیەك ئەنجام بدات بەڵگەی لە قورئان و سونەت نەبێ لەسەر كردەوەكەی ئەوا كردەوەكەی بەڕوودا دەدرێتەوە . خوا پەنامان بدات . جا برای خۆم هەوڵی ئەوە بدە ڕۆژوەكەت ئەم حوكمانەی تێدابێت بۆ ئەوەی بە

باشترین شێوە پاداشت بدرێیتەوە ، حوکمەکانیشی بەم پێیەی خوارەوە دەبن :

## حوکمەکـــــانی پێش ڕەمەزان :

١ ـ **ژماردنی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان :** لە سەر ئوممەتی ئیسلامی پێویستە بە ژماردنی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان هەستن ، ئەوەش بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " صوموا لرؤيته و أفطروا لرؤيته ، فإن غم عليكم ، فأكملوا شعبان ثلاثين " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : بەڕۆژوو بن بە بینینی مانگی شەوال ، بەڵام ئەگەر هەور بەرمانگی لێگرتن لەو کاتەدا سی ڕۆژەی مانگی شەعبان بژمێرە و پاشان بە ڕۆژوو بن .

٢ ـ **هەرکەسێك ڕۆژی گومان ( واتە : يوم الشك ) بە ڕۆژو بێت سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردووە :** ( صلة بن زفر ) لە ( عمار ) ەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " من صام اليوم الذي يشك فيه فقد عصى أبا القاسم " ( رواه أبو داود و النسائي .الحديث حسن ) ، واتە : هەرکەسێك بە ڕۆژوو بێت لەو ڕۆژەی کە گومانی لێ دەکرێت ، ئەوا بەو کارەی سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردوە .

**٣ ـ ئەگەر موسوڵمانێك مانگی بینی بە ڕۆژوو بن : پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی** : " صوموا لرؤيته ، وأفطروا لرؤيته " ( رواه النسائي وسنده حسن ) **واتە : ڕۆژوو بگرن بە بینینی مانگی ڕەمەزان و وازیش بێنن لە ڕۆژوو بە بینینی مانگی شەوال .**

## نیەتی ڕۆژوو گرتن : (کاتەکانی ڕۆژوو) :

**ئەگەر سەلمێنرا کە مانگی ڕەمەزان دەستی پێکردووە ئەو کاتە پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێك هەر لە شەوەوە ( واتە : پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ ) نیەتی ڕۆژووی هەبێ ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی** : " من لم يجمع الصيام قبل الفجر ، فلا صيام له " ( رواه أبو داود والبيهقي والنسائي والترمذي ، وسنده صحيح ) ،

**واتە : ئەو کەسەی نیەتی ڕۆژووی نەبێت پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ ، ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵە . و ە ئەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە :**

**١ ـ نیەت جێگای دڵەو ، ووتنی بەزمان بیدعەیە و گومڕایی یە هەرچەندە هەندێك خەڵکی بەچاکی بزانن .**

٢ ـ ئەگەر كەسێك ڕەمەزانی بەسەرداهات وبیٚ ئاگابوو لەوەی كە ڕەمەزانەو خواردن و خواردنەوەی خوارد بوو . پاشان بۆی ئاشكرا بوو كە ڕەمەزانە با واز لە خواردن و خواردنەوە بێنێت و ڕۆژووەكەی تەواو بكات . یان هەر بارو دۆخێكی هاوشێوەی ئەم حاڵەتە . ( بڕوانە : چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەمەزاندا / نووسینی : شێخ سلیم الهلالي و شێخ علي الحلبي ، وەرگێڕانی : م / عدنان بارام ).

٣ ـ دەست پێكردنی كاتی ڕۆژوو گرتن : بە دەركەوتنی فەجری ڕاستگۆ دەبێت ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشۡرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٧ ) ، واتە : بخۆن و بخۆنەوە تا كاتی دەركەوتنی فەجری ڕاستگۆ كە دەركەوتنی سپیایی ڕۆژە لە تاریكی شەو .

فەجریش دوو جۆرە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت " الفجر فجران : فأما الأول فإنه لا يحرم الطعام و لا يحل الصلاة وأما الثاني فإنه يحرم الطعام ويحل الصلاة " ( رواه ابن خزيمة وسنده صحيح ) ، واتە : فەجر دوو جۆرە : فەجری یەكەم خواردن قەدەغە ناكات لە ڕۆژووان و كردنی

نوێژی بەیانیان حەڵاڵ ناکات , بەڵام فەجری دووەم : خواردن قەدەغە دەکات لە ڕۆژووان و نوێژی بەیانیانیش حەڵاڵ دەکات

**بیرخستنەوەیەك : موسوڵمانی بەڕێز : ئەو شتەی لە مانگی** ڕەمەزاندا دەکرێت بەناوی (الإمساكية ) واتە بانگ دان بەدەنگی بیستراو پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ کە بانگ دەران دەڵێن ( الإمساك ، الإمساك يا أمة محمد ) !!! کارێکی بیدعەو گومڕای یە بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ بۆت هەیە بخۆیت و بخۆیتەوە .

٤ ـ دواکاتی ڕۆژوو گرتن : ئەگەر شەو لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوت و ڕۆژیش لە بەرەی ڕۆژئاواوە پشتی لێ هەڵکردین و بازنەی خۆریش ئاوا بوو ، ئەو کاتە ڕۆژوەکەت دەشکێنێت ، بانگ درابێ یان نە ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت : " إذا أقبل الليل من ها هنا وأدبر النهار من هاهنا وغربت الشمس فقد أفطر الصائم " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : ئەگەر شەو لە ئێرەوە دەرکەوت وڕۆژیش لە ئێرە پشتی لێ هەڵکردین ، و خۆریش ئاوابوو ئەوا ڕۆژوەکەتان بشکێنن .

**پارشێو :**

**برای باوەڕدار : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " البركة في ثلاثة : الجماعة ، والثريد ، والسحور " ( رواه الطبراني بسند حسن ) ، **واتە : بەرەکەت لە سێ شتدایە لەو سێ شتە یەکێکیان پارشێوە ، یان فەرموویەتی :** " إنها بركة أعطاكم الله إياها ، فلا تدعوه " ( رواه النسائي و أحمد وسنده صحيح ) ، **واتە : پارشێو بەرەکەتە خوا پێی بەخشیون وازی لێمەهێنن ، هەروەها دەفەرموێت :** " ... ، فإن الله و ملائكته يصلون على المتسحرين " ( رواه أبو داود بسند صحيح ) ، **واتە : خوای پەروەردگار و فریشتەکانی سەڵاوات دەدەن لە سەر ئەو کەسانەی پارشێو دەکەن ، بۆیە پێویستە هەرگیز پارشێوەکەت لە دەست نەدەی ، باشترین پارشێویش بریتیە لە خواردنی خورما ، ئەوەش بزانە دواخستنی پاشێو تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ یەکێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەروەکو** ( البخاري ومسلم ) **دەیگێڕنەوە.**

## ئەو شتانەی پێویستە ڕۆژووان لێی دووربکەونەوە :

**ڕۆژووانی بەڕێز :** ئەوەش بزانە کە ڕۆژووگرتن تەنها خۆگرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد, بەڵکو ڕۆژووان ئەو کەسەیە ئەندامەکانی بە دوور گرێ لە تاوان و زمانیشی لە درۆ و غەیبەت کردن وتەی پڕو پووچ و شایەتی ناڕەوا ، لە گەل خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد . لەو شتانەش :

١ ـ **وتەی درۆ :** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی " من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه " ( رواه البخاري ) واتە : ئەگەر ڕۆژووان واز نەهێنێ لە درۆو کارپێکردنی , خوا پێویستی بەوە نیە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنێت .

٢ ـ **وتەی پڕوپووچ و لەغوکردن ،** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " ليس الصيام من الأكل والشرب ، إنما الصيام من اللغو والرفث " ( رواه ابن خزيمة وسنده صحيح ) واتە : ڕۆژوو تەنها خۆگرتنەوە نی یە لە خواردن و خواردنەوە بەڵکو بریتی یە لە خۆگرتنەوە لە وتەی پڕو پووچ و لەغوکردن .

**چونکە برای بەڕێزم : ئەگەر وانەبێت بەشی ڕۆژووان لە ڕۆژوەکەی ئەوەندە دەبێت کە لەم فەرموودەیەدا دیاری کراوە : " رب صائم حظه من صيامه الجوع والعطش " ( رواه ابن ماجه وسنده صحيح ) .**

**ئەوشتانەی ڕۆژووان دەتوانیٚ ئە نجامیان بدات :**

**بڕواداری بەڕێز : ڕۆژوەوان بۆی ڕەوایە ئەم کارانە ئەنجام بدات :**

**١ ـ ڕۆژووان دەتوانیٚ بە لەش گرانیەوە ڕۆژبکاتەوە . هەروەکو ( عائشة ) وە ( أم سلمة ) لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ( رواه البخاري ومسلم ) .**

**٢ ـ بۆشی ڕەوایە لە دەست پێکردنی ڕۆژوەکەی تا کاتی بەربانگ سیواك بەکار بهێنیٚ بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموویێت : " لولا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " ( رواه البخاري ومسلم ) واتە : واتە ئەگەر ناڕەحەتیەکی زۆری تیانەبوایە لەسەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پیٚ دەکردن بە سیواك لە کاتی هەموو نوێژێکدا .**

٣ ـ وە دەشتوانێت ئاو هەڵداتە دەم و لوتی بێ ئەوەی زیاد ڕەویان تێدا بکات وەکو پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموویێت :" وبالغ في الاستنشاق إلا أن تكون صائما "(رواه الترمذي وسنده حسن) ، واتە : زیاد ڕەوی بکە لە ئاو هەڵدانە دەم و لوتدا و ، جگە لەو کاتەی کە بە ڕۆژوو دەبیت .

٤ ـ هەروەها ماچ کردن و دەستبازی کردن لە نێوان ژن و مێرددا ڕەوایە , بەمەرجێ توانای هەبێت بەسەر خۆی هەروەکو دایکە عائیشە فەرموویەتی : " كان يقبل وهو صائم ويباشر وهو صائم لكنه كان أملككم لإربه " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ماچی خێزانەکانی دەکردوو بە ڕۆژووش دەبوو ، دەست بازیشی لە گەڵ دا دەکردن و بە ڕۆژووش دەبوو ، بەڵام لە هەمووتان زیاتر بە سەر خۆیدا زاڵ بوو .

٥ ـ بۆشی ڕەوایە تاقی کردنەوەی خوێن ئەنجام بدات یان دەرزی لە خۆ بدات ، بە مەرجێ مەبەست لەو دەرزی لێدانە خواردن پێدان نەبێت ( واتە : مغزی نەبێت ) .

٦ ـ کەڵەشاخ کردن ( واتە : الحجامة ) بکات ابن عباس ئەفەرمووێ " إن النبي ﷺ احتجم و هو صائم " ( رواه البخاري ) .

٧ ـ تام و چێژکردنی خواردەمەنی بەمەرجی خواردنەکە نەڕواتە قورگەوە ، ئەوەتا ابن عباس دەفەرمووێت : " لا بأس أن يذوق الخل والشيء ما لم يدخل حلقه وهو صائم " ( علقه البخاري و وصله ابن أبي شيبة ) ، واته : هیچی تێدا نی یە تام و چێژی خەڵ یان هەر شتێکی تر بکات ، بە مەرجێك نەڕواتە قورگیەوە .

٨ ـ کل کردن و قەترەکردنە چاو و هاوشێوەکانی لەو شتانەی کە دەکرێنە چاوەوە ، وەکو ( ابن تيمية ،و ابن القيم ) فەتوایان داوە لە سەری.

٩ ـ کردنی ئاوی سارد بەسەر سەردا ، یان خۆششتن .

**ئەو کەسانەی بەڕۆژوو نابن یان ئەتوانن بەڕۆژوو نەبن :**

موسوڵمانی بەڕێز : ئەو کەسانەی کە بە ڕۆژوو نابن :

١ ـ ئافرەت لە کاتی بێ نوێژیدا .

٢ ـ ئافرەت لە کاتی زەیسانی دا ، واتە : خوێنی پاش منداڵ بون . ( زانایان یەك ڕان لەسەر ئەم دوو خاڵە ) .

**ئەو کەسانەی بۆیان ڕەوایە بەڕۆژوو نەبن و پاشان قەرزی ڕۆژوەکەیان بکەنەوە ئەمانەن :**

١ **- مرۆڤی موسافیر و ڕێبوار وەکو پێغەمبەر ﷺ بەیەکێك لە هاوەڵەکانی ئەفەرمووێ کاتێ پرسیاری ڕۆژووی لێ دەکا لە سەفەردا :**
" صم إن شئت وافطر إن شئت " ( رواه البخاري ومسلم )

٢ **- مرۆڤی نەخۆش ، ئەو نەخۆشیەی کە بەبوونی ڕۆژوەکەی زیاد بکات یان چاك بوونەوەی دوا بکەوێ .**

**ئەوانەی بۆیان ڕەوایە بە ڕۆژوو نەبن و تەنها فیدیە بدەن**

**ئافرەتی دوو گیان شیردەر ئەگەر لەوە بترسن زیان بە خۆیان و منداڵەکانیان بگات ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ** ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٤ ) **واتە : پیاوی پیرو ژنی پیر ئەگەر توانای ڕۆژوویان نەبێ یان دوو گیان و شیردەر ئەگەر لە خۆیان و منداڵەکانیان بترسن ڕۆژوو ناگرن و بەرامبەر هەموو ڕۆژێك نانی هەژارێك دەدەن** ( أخرجه ابن الجارود و البيهقي وأبو داود ، وسنده صحيح ) .

وه ( ابن عمر ) فەرموویەتی : " الحامل و المرضع تفطر و لا تقضي " ( رواه الدارقطني وصححه )

## بەربانگ کردن:

سونەتە دوای خۆرئاوابوون ( واتە : بەنەمانی بازنەی خۆر ) ڕۆژوان بەربانگ بکات و پەلەیش لەو کارەیدا بکات . چونکە پەلەکردن لە بەربانگدا سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێت : " إنا معشر الأنبياء أمرنا بتعجيل فطرنا وتأخير سحورنا وأن نضع أيماننا على شمائلنا في الصلاة " ( رواه ابن حبان وضياء بسند صحيح ) ، واتە : ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە بە پەلە کردن لە ڕۆژوو شکاندن و بە دواخستنی پارشێو و دانانی دەستی ڕاست لە سەر دەستی چەپ لە نوێژدا .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " لا تزال أمتي على سنتي ما لم تنتظر بفطرها النجوم " ( رواه ابن حبان بسند صحيح ) ، واتە : بەردەوام ئوممەتەکەم لە سەر سوننەتی منن تا ئەو کاتەی بەربانگ دوانەخەن بۆ کاتی دەرکەوتنی ئەستێرە .

وەدوا خستنی تائەوکاتە کردەوەی جولەکەو دیانەکانی وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت : " لا يزال الدين ظاهرا ما عجل الناس الفطر لأن اليهود والنصارى يؤخرون " ( رواه أبو داود و ابن حبان وسنده حسن ) .

وە سونەتیش وایە بەربانگ بەخورمای تەڕ ئەگەر نەبوو خورمای وشك ئەگەر نا بە چەند قومیێك ئاو ( رواه أحمد بسند صحيح ) وە سوننەتیشە لەکاتی بەربانگ دا بلێێت : " ذهب الظمأ وابتلت العروق وثبت الأجر إن شاء الله " ( أخرجه أبو داود وسنده حسن ) ، وە سوننەتیشە لە کاتی بەربانگ دا بپاڕێتەوە و پاڕانەوەش لەم کاتەدا وەڵام دەدرێتەوە ( رواه ابن ماجه بسند صحيح ) .

**بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژوو:**

یەك خوا پەرستی گوێڕایەڵ : لە کۆتای ئەم باسەدا ئاماژە دەکەم بەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە :

١ ـ خواردن وخواردنەوەی بە ئەنقەست : بەڵام ئەگەر لە بیرت چونەوە بوو ئەوا ڕۆژوەکە بەتاڵ ناکاتەوە ( رواه البخاري ومسلم ) .

٢ ـ ڕشانەوەی بە ئەنقەست : چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " من ذرعه القيء فليس عليه قضاء ومن استقاء عمدا فليقض " ( رواه أبو داود

و سنده صحيح ) واتە هەر كەس ڕشاندنەوە زۆری پێهێنا و ڕشایەوە قەزای ڕۆژوی لەسەر نی یە , بەلاّم كەسیٚ خوٚی ڕشاندەوە با قەزای ڕۆژووەكەی بداتەوە .

٣ ـ بیٚ نوێژی و زەیسانی : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم ؟ قيل : بلى " ( رواه البخاري ومسلم ) .

٤ ـ جووت بون لە گەڵ خێزاندا لە بەر ئەو فەرمودەیەی كە ( البخاري و مسلم ) دەیگێڕنەوە

٥ ـ دەرزی لێدانێك مەبەست لێی خواردن پێدان بیٚ .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# چەند پلانێك بۆ بەڕێكردنی مانگی ڕەمەزان به جوانترین شێوه

موسوڵمانانی بەڕێز وا ئەمسالیش ڕەمەزانی پیرۆز بوو بە میوانمان ، هەموشمان ئەزانین دەرگای خراپە هەردەم والآیە هەروەك چۆن دەرگای چاكە بەردەوام والآیە ، ئەمەی ئەیخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز بریتیە لە پلانێك بۆ بەباشی بەڕێكردنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ ئەوەی بە كاتێكی كەم و بەكارهێنانی وزەیەكی كەم پاداشتێكی زۆرت دەست بكەوێت . بەویستی خوای پەروەردگار . جا هەركەسێك بەگوێرەی توانا ئەم پلانە جێیبەجیٚ بكات ، بۆ ئەوەی بەویستی خوای پەروەردگار بەهەشتی بەرین بەدەست بهێنێت :

١ ـ **ڕۆژووگرتن** : ئەگەر ئەتەویٚ كارێك بكەی پاداشتەكەی جیاواز بیٚ لە هەموو كردەوەكانی تر و پاداشتەكەی حەوت سەد پلە بەسەر كردەوەكانی ترەوە بێت و خوای پەروەردگار بەتاییبەتی پاداشتت بداتەوە ؟ ڕۆژوو بگرە چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " كل عمل ابن آدم يضاعف ، الحسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة ضعف ، قال الله تعالى : إلا الصوم ، فإنه لي وأنا أجزي به " ( متفق عليه ) ، واتە : هەموو

کردەوەیەکی ڕۆڵەکانی ئادەم پاداشتەکەی چەندە جاری خۆی زیاد ئەکرێت ، چاکەیەك بە دەجار ئەوەندەی خۆی تاکو ( ٧٠٠ ) حەوت سەد ئەوەندەی خۆی ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : جگە لە ڕۆژوو ، ڕۆژوو گرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی ئەدەمەوە .

٢ ـ **پارشێوکردن** : ئەگەر ئەتەوێ خوای پەروەردگار و فریشتەکان صلاوات بدەن لەسەرت پارشێو بکە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " فإن الله ، وملائكته يصلون على المتسحرين " ( السلسلة الصحيحة : ٣٤٠٩ ) ، واتە : پەروەردگار و فریشتەکانی صەلاوات ئەدەن لەسەر ئەو کەسانەی پارشێو ئەکەن ، بۆیە ئەگەر تەنها پەرداخێکی ئاویشت خواردوە هەڵسە بۆ پارشێو کردن با لەو سڵاواتە بەنرخانە بێبەش نەبیت .

٣ ـ **قورئان خوێندن** : ئەگەر ئەتەوێ لە قیامەت دا شەفاعەت کارێکت هەبێ شەفاعەتت بۆ بکات ؟ قورئان بخوێنە و هیچ نەبێت مانگی جارێك خەتمی بکە.

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " اقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابه " ( صحيح الجامع الصغير : ١١٦٥ ) .

واتە : قورئان بخوێنن ، چونکە لەڕۆژی دوایی دا شەفاعەت بۆ خاوەنەکانیان . واتە : ئەوانەی لەدونیادا خوێندویانە . ئەکەن .

٤ ـ **نوێژی جەماعە :** ئەگەر ئەتەوێ هەر نوێژێکت لە نوێژە فەرزەکان بە ( ٢٧ ) نوێژ بۆ بنوسرێ ؟ نوێژەکانت لە مزگەوت و بە جەماعەت بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " صلاة الجماعة تفضل صلاة الفذ بسبع وعشرين درجة " ( متفق عليه ) ، واتە : نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی بەتەنها بە ( ٢٧ ) پلە ... واتە نوێژێکی جەماعەت خێری ( ٢٧ ) نوێژی بەتەنهای هەیە .

٥ ـ **پاڕانەوە لە کاتی بەڕۆژوو بوونت :** ئەگەر ئەتەوێ دڵنیابی لەوەی خوای پەروەردگار وەڵامی پاڕانەوەکانت ئەداتەوە ؟ لەوکاتانەدا بپاڕێرەوە کە بەڕۆژووی ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " ثلاث دعوات مستجابات دعوة الصائم ودعوة المظلوم ودعوة المسافر " ( صحيح الجامع الصغير : ٣٠٣٠ )

واتە : سێ پاڕانەوە هەن وەڵام ئەدرێنەوە : پاڕانەوەی ڕۆژووان و پاڕانەوەی ستەم لێکراو و پاڕانەوەی ڕێبوار .

٦ **ـ بەربانگدان بە ڕۆژووان : ئەتەوێ بە یەك مانگی ڕەمەزان پاداشتی دوو مانگی ڕەمەزان بەدەست بهێنی ؟ بەربانگ بدە بە ڕۆژووان ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :** " من فطر صائما كان له مثل أجره غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء ".( صحيح الترغيب و الترهيب : ١٠٧٨ ) .

**واتە: هەرکەسێك بەربانگ بە ڕۆژووانێك بکاتەوە ئەوە پاداشتی ڕۆژووانەکەی دەست ئەکەوێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو کەسە کەم بکات ، واتە ئەگەر بەربانگ بە کەسێکی ڕۆژووان بدەیت پاداشتی دوو ڕۆژ ڕۆژووت بۆ ئەنوسرێ و لەپاداشتی بەرامبەریش هیچ کەم ناکات .**

٧ **ـ نوێژی تەراویح : ئەگەر ئەتەوێ بەماوەیەکی کەم خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانی ڕابردوت خۆش ببێ ؟ نوێژی تەروایح بە جەماعەت و لە مزگەوتدا ئەنجام بدە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :** " ومن قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) ، **واتە : هەرکەسێك شەوانی ڕەمەزان بە تەراویح**

زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

٩ ـ **سیواك كـردن :** ئەگەر ئەتەوێ لەو کەسانە بیت کە سوننەت لەنێو خەڵکی زیندو بکەنەوە ؟ سیواك بەکار بهێنە و بیبەخشە بە خەڵکیش چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " لولا أن اشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەگەر بهاتبایە و لەسەر ئومەتەکەم ناڕەحەت و قورس نەبوایە ، ئەوا فەرمانم پێ دەکردن لە کاتی هەموو نوێژێکدا سیواك بکەن .

١١ ـ **خوێندنەوەی کتێبی ئاینی بەسود و گوێگرتن لە موحازەرات :** ئەگەر ئەتەوێ لەو کەسانە بیت کە خوای پەروەردگار مەدحیان ئەکات ؟ کاتێك دیاری بکە بۆ خوێندنەوەی کتێبی ئاینی بەسود و گوێگرتن لە موحازەرات و زانیاری ئاینی خۆت زیاد بکە ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت :﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ ( الزمر : ٩ ) ، واتە : بڵێ : ئایە ئەو کەسانەی کە شارەزا و زانان لەگەڵ ئەو کەسانەدا یەکسانن کە ناشارەزا و نەزانن ؟

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە تەنها مرۆڤە ژیرەکان بیر ئەکەنەوە و ئامۆژگاری وەرئەگرن

١٢ **ـ صەدەقە کردن :** ئەگەر ئەتەوێ وەك چۆن ئاو ئاگر ئەکوژێنێتەوە ئاگری تاوانەکانت بکوژێتەوە ؟ صەدەقە بکە و ماڵ و سامان ببەخشە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " الصدقة تطفيء الخطيئة كما يطفيء الماء النار " ( صححه الألباني في مشكلة الفقر / ١١٧ ) ،

واتە : صەدەقە ئاگری تاوان ئەکوژێنێتەوە هەروەك چۆن ئاو ئاگر ئەکوژێنێتەوە .

١٣ **ـ صەدەقە کردن بە نهێنی :** ئەگەر ئەتەوێ یەکێك بیت لەوانەی لە قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوادا بیت ؟ لەو ڕۆژەی کە سێبەر نیە جگە لە سێبەری عەرشی خوا نەبێت ، ئەو ماڵ و سامان ببەخشە بە هەژاران بە نهێنی ، واتە تەنها لەنێوان خۆت و خوادا بێت و کەسی تر پێی نەزانێت ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەوانەی لەسێبەری عەرشی خوا ئەبن لە قیامەتدا فەرمویەتی : " ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه " ( متفق عليه ) ،

واتـە : وە کەسـێك صـەدەقەیەك بکـات و بیشـارێتەوە بـە شـێوەیەك دەستی چەپی نەزانێت ڕاستی چی بەخشیوە .

**١٤ ـ مانەوە لە مزگەوت تا هەڵهاتنی خۆری بەیانی :** ئەگەر ئەتەوێ بەبێ ئەوەی سەفەر بکەیت بۆ حەج لەماوەی کەمتر لە پێنج سەعات و لەیەك مانگ دا (٣٠) حەج بکەیت ؟ هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان لەپاش نوێژی بەیانی لەمزگەوت بمێنەوە و دانیشە زیکری خوا بکە و قورئان بخوێنە تا خۆر هەڵدێت پاشان دوو ڕکات نوێژ بکە ئەوجا لەمزگەوت وەرە دەرەوە ، چونکە پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی : " من صلى الفجر في جماعة ثم قعد يذكر الله حتى تطلع الشمس ثم صلى ركعتين كانت له كأجر حجة وعمرة " . قال : قال رسول الله ﷺ : " تامة ، تامة ، تامة " ( حسن ، مشكاة المصابيح : ٩٧١ ) ،

واتـە ئـەوەی نوێـژی بـەیانی بـە جەماعـەت ئـەنجام دا و پاشـان لەمزگـەوت مایـەوە و زیکـری پـەروەردگاری کـرد تـاکو خـۆر هەڵـدێت پاشان دوو ڕکات نوێژی کرد ئەوە پاداشتی حەج و عەمرەیەکی بۆ ئەنوسـرێ ، ڕاوی دەڵێـت : پاشـان پێغەمبـەری خـوا فـەرمووی : پاداشتی حەج و عەمرەیەکی تەواو ، تەواو ، تەواوە .

١٥ ـ **زەکاتی سەرفترە :** ئەگەر ئەتەوێ خۆت پاك بکەیتەوە لە قسەی پڕوپوچ و خراپە کاری ؟ زەکاتی سەرفترە بدە چونکە : ( ابن عباس ) فەرموویەتی : " فرض رسول الله ﷺ زكاة الفطر طهرة للصائم من اللغو والرفث وطعمة للمساكين " ( صححه الألباني في مشكلة الفقر / ٥٦ ) ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەرفترەی فەرز کردوە بۆ پاککردنەوەی ڕۆژووان لە قسەی پڕوپوچ و خراپەکاری ، وە خواردنێکیش بێت بۆ هەژاران ... بەڵام بۆ ئەوەی پاداشتی تەواوت بگات و لێتوەربگیردرێت و لەو کەسانە بیت لەو فەرموودەیە باس کراوە پێویستە بە خۆراك زەکاتی سەرفترە بدەیت نەك بە پارە .

١٦ ـ **دانیشتن لە مەجلسێکی خێر :** ئەگەر ئەتەوێ بە کردەوەیەك خوای پەروەردگار لەتاوانەکانت خۆش بێ و خراپەکانت بگۆڕێت بۆ چاکە ؟ لە مەجلسێك دابنیشە قسەی پڕوپوچی تیا نەکرێ و دانیشتوانی تەنها یادی خوا بکەن و قسەی خێر بکەن

تاوەکو بڵاوەی لێ ئەکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ما من قوم اجتمعوا يذكرون الله عز وجل لا يريدون بذلك إلا وجهه إلا ناداهم مناد من السماء أن قوموا مغفورا لكم قد بدلت سيئاتكم

حسنات " ( صحيح الترغيب و الترهيب : ١٥٠٤ ) واته : هیچ کۆمەڵە کەسێك نیە کۆ ببنەوە و زیکری خوا بکەن و مەبەستیشیان بەوە هیچ نەبێت ئیللا پاداشتی خوا نەبێت ئیللا بانگ کەرێك لە ئاسمانەوە بانگیان ئەکات و ئەڵێت هەستن خوا لێتان خۆش بووە و تاوانەکانتانی بۆ گۆڕیوە بە چاکە .

١٧ - **شەوی قەدر :** ئەگەر ئەتەوێ لەیەك شەودا خێری هەزار مانگ خواپەرەستیت دەست بکەوێت و لەگەڵیا تاوانەکانی ڕابوردوت بسڕێتەوە ؟ (١٠) شەوی کۆتایی ڕەمەزان بە گرتنی شەوی قەدر زیندویان بکەرەوە ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣ ﴾ ( القدر : ٣ ) ، واته : شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە کە شەوی قەدریان تیا نەبێ ، وە پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەفەرموێ : " ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) ، واته : هەرکەسێك شەوی قەدر زیندوبکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

١٨ **ـ یارمەتی دانی هەتیو و بێوەژن :** ئەگەر ئەتەوێ بەبێ ئەوەی بچیت بۆ جەنگ و جیهاد وتێکۆشان بکەی لەپێناو خوا پاداشتی موجاهید و تێکۆشەرانت دەستکەوێت ؟ یارمەتی هەژاران و هەتیو و بێوەژنان بدە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " الساعي على الأرملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله عز وجل " ( صحيح سنن النسائي : ٢٥٧٧ ) ، واتە : چاودێر و بەخێوکاری بێوەژن و هەتیو لە پاداشتدا وەکو تێکۆشەرە لە پێناوی خوای پەروەردگار .

١٩ **ـ پاڕانەوە :** ئەگەر ئەتەوێ خوای پەروەردگار وەڵامی پاڕانەوەکانت بداتەوە؟ هەرگیز بێ ئومێد مەبە و بەردەوام بپاڕێرەوە ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠ ﴾ ( غافر : ٦٠ ) ، واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی : لێم بپاڕێنەوە وەڵامی پاڕانەوەکانتان ئەدەمەوە بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە ئەزانن لە پەرستنی من بەتەنها ، بێگومان بەسەرشۆڕی ئەچنە دۆزەخەوە .

٢٠ ـ **نوێژی عیشا : ئەگەر ئەتەوێ لەگەڵ نوێژی تەراویح و بەماوەیەکی کەم باداشتی شەونوێژێکیشت بۆ بنوسرێ ؟ نوێژی عیشا بە جەماعەت بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : "**
إن الرجل إذا صلى مع الإمام حتى ينصرف كتب له قيام ليلة "

( صحيح الجامع الصغير : ١٦١٥ ) ، **واتە : ئەگەر کەسێك لەگەڵ ئیمام بە جەماعەت کرد تا تەواو ئەبێ ، ئەوە ئەو شەوەی بە شەونوێژێکی تەواوی بۆ ئەنوسرێ .**

٢١ ـ **عومرەکردن لە مانگی ڕەمەزان : ئەگەر ئەتەوێ بە پارەیەکی کەم و لەماوەیەکی کەمتر لە ماوەی حەجێك پاداشتی حەجێکت دەست بکەوێت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ئەنجامت دابێ ؟ لەمانگی ڕەمەزاندا عومرەیەك بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : "**
عمرة في رمضان تعدل حجة " وفي رواية " تعدل حجة معي " ( صحيح البخاري : ١٧٨٢ و١٨٦٣ ) ، **واتە : عومرەیەك لەڕەمەزاندا پاداشتەکەی بەرامبەر بە حەجێك وایە ، لە ڕیوایەتێکدا هاتووە : وەك حەجێك وایە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ .**

٢٢ ـ **فێرکردنی قورئان :** ئەگەر ئەتەوێ لە باشترینی ئەو کەسانە بیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ مەدحیان ئەکات ؟ خەڵکی فێری قورئان خوێندن بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري ) ،

واتە : باشترین کەستان ئەوانەن فێری قورئان ئەبێ ، پاشان خەڵکیش فێری قورئان خوێندن ئەکات .

٢٣ ـ **دوعا کردنی لە دوای پارشێو :** ئەگەر ئەتەوێ لە دونیادا سیفەتی خەڵکی بەهەشت بەدەست بهێنیت ؟ لە پارشێوان مەخەوە و لەخوا بپاڕێرەوە و دوعا بکە

دوو ڕکات نوێژ بکە ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت :

﴿ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ١٨ ﴾ ( الذاريات : ١٨ ) ، واتە : لە کاتی بەرەبەیاندا دەپاڕانەوە

٢٤ ـ **دەرگاکانی بەهەشت :** ئەگەر ئەتەوێ لە قیامەتدا لەچەند دەرگایەکی بەهەشتەوە بانگ بکرێیت بۆ چونە بەهەشت ؟ جیهاد بکەو ڕۆژوو بگرە و نوێژ بکەو صەدەقە ببەخشە چونکە پێغەمبەری

**خوا ﷺ فەرمویەتی :** " ... وللجنة أبواب فمن كان من أهل الصلاة دعي من باب الصلاة ومن كان من أهل الجهاد دعي من باب الجهاد ومن كان من أهل الصدقة دعي من باب الصدقة ومن كان من أهل الصيام دعي من باب الريان... " ( متفق عليه ) .

**واتە : بەهەشتیش دەرگای هەیە ، نوێژگەر لە دەرگای نوێژەوە ، و تێکۆشەریش لە دەرگار تێکۆشانەوە ، و بەخشەریش لە دەرگای بەخشینەوە ، ڕۆژووانیش لە دەرگای ڕەییانەوە لە ڕۆژی دواییدا بانگ دەکرێن .**

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە

# گوڵبژێریك لە فەتوای زانایانی پایەبەرز

## ( عبدالعزیز بن عبدالله بن باز ) و ( محمد بن صالح العثیمین )

## ـ بەڕەحمەت بن ـ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ... أَمَّا بَعْدُ : **لەگەڵ دەست پێکردنی ڕەمەزاندا پرسیارێکی زۆر دەکرێت دەربارەی هەندێك شت کەلە ژیانی ڕۆژانەی موسوڵماندا ڕوودەدەن و سوپاس بۆ خوا ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە .**

**ئەمەی لەبەر دەستتدایە . برای موسوڵمانم . کۆمەڵێك فەتوایی ئیمام و پێشەوا ( ابن باز ) ە . ڕەحمەتی خوایی لێ بێت . سەبارەت بە ڕۆژوو کەلە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە ... داواکارم لە خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان پێی سودمەند ببین .**

**پرسیاری یەکەم :** ئەگەر ڕۆژووانێك لە ڕۆژی ڕەمەزاندا خەوی لێکەوت وە لەو کاتەدا خەوی بینی . توشی لەشگرانی بوو . ئایا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبیتەوە یان نا ؟ وە ئایا واجبە لەسەری پەلە بکات لە خۆشۆردن ؟

**وەلام :** خەوبینین . لەشگرانبوون . بەهیچ شێوەیەك ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، چونکە بە ویستی ڕۆژووانەکە نەبووە . خۆی دەستی تێدا نەبووە . وە پێویستە لەسەری خۆی بشۆرێت بە خۆشۆردنی پاك بوونەوە لە لەشگرانی واتە غوسڵ بکات .

وە ئەگەر پاش نویژی بەیانی خەوی بینی . واتە : نوێژی بەیانی کردبێت ئەنجا لەشی گران بێت . وە خۆشۆردنەکەی دواخست بۆ کاتی نوێژی نیوەڕۆ ئەوا کێشە بۆ ڕۆژووەکەی دروست ناکات و ئاسایی دەبێت ، وە ئەگەر لەگەڵ خێزانەکەشیدا بەشەو جووت بوو وە خۆی نەشۆرد تاکو دەرکەوتنی فەجر ئەوا هەر ئاساییە .

لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگر بووە کە بە لەشگرانی یەوە . لەشگرانی جووت بوونی شەوان . بەیانی کردوّتەوە و پاشان خۆی دەشۆردو ڕۆژووی دەگرت .

وە هەروەها ئافرەتی حەیزدار و ئەوانەی خوێنی منداڵ بوونیان هەیە . واتە لە زەیسانیدان . ئەگەر لەشەودا پاك بوونەوە و تادەرکەوتنی فەجر خۆیان نەشۆرد ئەوا هیچیان لەسەر نییەو ڕۆژووەکەیان دروستە ، بەڵام بۆ ئەو ئافرەتـانە و بۆ کەسی لەشگرانیش دروست نیە کە خۆشۆردن دوابخەن یان نوێژ دوابخەن تادەرکەوتنی خۆر ، بەڵکو پێویستە لەسەر هەموان پەلە بکەن لەخۆشۆردن پێش دەرکەوتنی خۆر تاکو بتوانن نوێژ لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەن .

وە پێویستە لەسەر پیاو کە پەلەبکات لە خۆشۆردن . ئەگەر لەشی گران بوو . پێش نوێژی بەیانی بۆ ئەوەی بتوانێت نوێژەکەی بە کۆمەڵ و جەماعەت ئەنجام بدات ، (واللهُ وليُّ التوفيق ) .

**پرسیاری دووەم :** بەڕۆژوو بووم و لەمزگەوتدا خەوتبوم و پاش ئەوەی کە لە خەو هەستام بینیم توشی لەشگرانی بووم ، ئایا ئەم خەوبینینە . لەشگرانبونە . کاریگەری لەسەر ڕۆژوو هەیە ؟ وە ئەگەر بێ خۆشۆردن نوێژم کرد چیم لە سەرە ؟ وە ئایا ئەگەر بەردێك دای بە سەرما وخوێن بەسەرمدا هاتە خوارەوە ڕۆژووەکەم بەهۆیی ئەو

خوێنەوە بە تاڵ دەبێتەوە ؟ وە ئایا ئەگەر ڕشامەوە ڕۆژووەکەم بە تاڵ دەبێتەوە ؟

وەڵام : خەوبینین ـ لەشگرانبوون ـ ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، چونکە ئەو خەو بینینە بە ویستی بەندە نەبووە بەڵام پێویستە لەسەری خۆیی بشوڕێت ـ خۆشوۆردنی لەشگرانی بوون ـ ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر مەنی لە زەکەریەوە دەرچوو ، چونکە پێغەمبەر ﷺ کاتێك پرسیاری لیکرا دەربارەی ئەمە وەڵامی داوە بەوەی کە پێویستە لەسەر ئەوەی کە خەوەکەی بینیوە خۆی بشوات ، وە هەر کەسێك بێ خۆشوۆردن نوێژ بکات ئەوە هەڵە و خراپەیەکی گەورەی ئەنجامداوە ودەبێت نوێژەکە دووبارە بکاتەوە لەگەڵ تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای پاك و بێگەرد ، وە ئەو بەردەی لەسەرتی داوە بەهۆیەوە خوێنی لێهاتووە ئەوە ڕۆژووەکەت بەتاڵ نابێتەوە ، وە ئەو ڕشانەوەی دەستی خۆتی تێدانەبوو بێت ئەوە ڕۆژووەکەت بە تاڵ ناکاتەوە لەبەر فەرموو دەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی:" من ذرعه القيء فلا قضاء عليه ، ومن استقاء فعليه القضاء " ( رواه أحمد وأهل السنن بإسنادٍ صحيح ) .

واتە : هەرکەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە گێڕانەوەی ڕۆژووەکەی لەسەر نیە ، بەڵام هەرکەسێك خۆی خۆی ڕشاندەوە ، ئەوا پێویستە لەسەری ڕۆژووەکەی بگێڕێتەوە .

**پرسیاری سێیەم : دەرچونی ( مذي ) [1] بەهەر هۆکارێك ، ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە یان نا ؟**

**وەڵام :** لەسەر بۆچوونی درووستی زانایان دەرچونی ( مذي ) ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە .

**پرسیاری چوارەم : حوکمی هەڵگرتنی تەحامیل لەکۆمەوە بۆ ڕۆژووان لەبەر پێویستی چیە ؟**

**وەڵام :** ئەگەر نەخۆشەکە پێویستی پێی هەبوو ئەوا لەسەر بۆچوونی درووستی زانایان دروستە و ئاساییە ، ئەمەش وتەی هەڵبژاردەی ( اختيار ) ی شێخی ئیسلام ( ابن تيمية ) و کۆمەڵێکی زۆر لەزانایانە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی وەکو خواردن و خواردنەوە نییە .

---

[1] ( مذي ) : ئاوێکی سپی ڕوونی لینجە لە کاتی بیرکردنەوە لە شەهوەت یان دەستبازیدا دەردەچێت ، پیاو و ئافرەت تیایدا وەکو یەکن . وەرگێڕ .

**پرسیاری پێنجەم :** حوکمی بەکارهێنانی ئەو دەرزیانەی کە لەدەمارەوە دەدرێت وە ئەوانەی لە سمتەوە ( کلۆك ) دەدرێت چییە ؟ وە جیاوازی چیە لەنێوانیاندا بۆ ڕۆژووان ؟

**وەڵام :** بۆچوونی درووست ئەوەیە کە ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ئەوەی بەتاڵی دەکاتەوە بریتیە لە دەرزیە خۆراکیە تایبەتیەکان ( موغەزی ) ، وە هەروەها وەرگرتنی خوێن بۆ ( تحليل ) ڕۆژووی پێ بەتاڵ نابێتەوە .

**پرسیاری شەشەم :** ئەگەر مرۆڤێك تووشی دان ئێشە بوو ، و سەردانی پزیشکی کرد ، ئەویش دانەکانی بۆپاك کردەوە یان پری کردەوە یان یەکێك لە دانەکانی بۆ هەڵکێشا ، ئایا کاریگەری دەبێت لە سەر ڕۆژووەکەی ؟

وە ئەگەر پزیشك دەرزیەکی پێدا بۆ بەنجکردنی دانێکی ، ئایا ئەوە کاریگەری لەسەر ڕۆژووەکە دەبێت ؟

**وەڵام :** هیچ یەکێك لەوانە کە لە پرسیارەکەدا باسکراون کاریگەری لەسەر ڕۆژوو نابێت ، بەڵکو ئەوە لێبوراوە ، وە پێویستە خۆی بپارێزێت لەقوتدانی دەرمان یان

خوێن ، وە ئەو دەرزییەی کە باسکرا کاریگەری لەسەر دروستی ڕۆژووەکە نابێت ، چونکە لەمانای خواردن و خواردنەوەدا نیە ، وە ئەصڵ سەلامەتی ڕۆژووەکە و دروستیەتی .

**پرسیاری حەوتەم : ئایا ڕۆژووان بۆی هەیە لە کاتی ڕۆژووی ڕەمەزاندا مەعجونی ددان بەکار بهێنێت ؟**

وەڵام : هیچ تاوانی لەسەر نیە لەگەڵ خۆپاراستن لە قوتدانی شتێك لەو مەعجونە ، هەروەکو چۆن سیواك لەسەرەتای ڕۆژ و کۆتایی ڕۆژدا بۆ ڕۆژووان شەرعیە ، وە هەندێك لەزانایان پێیان وایە کە بەکارهێنانی سیواك لەدوای ( زوال ) [٢] مەکروهە [٣] ، و ئەوە وتەیەکی ناپەسەندە و ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ( مكروه ) نیە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ : " السواكُ مطهرة للفم مرضاة للرب " ( أخرجه النسائي بإسناد صحيح عن عائشة رضي الله عنها ) واتە : سیواك پاك کەرەوەیە بۆ دەم ، هۆیەکە بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار .

---

[٢] ( زوال ) : بریتیە لە لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان بەرەو خۆرئاوا بوون . وەرگێڕ .

[٣] ( مكروه ) : ئەوەیە کە ئەگەر نەیکەیت خێرت بۆ دەنوسرێت ، بەڵام ئەگەر بیکەیت گوناهت لە سەر نانوسرێت . وەرگێڕ .

وە لە بەر فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ : " لو لا أن أَشق على أمتي لَأَمرتهم بالسواك عن كل صلاة " ( متفق عليه ) .واتە : ئەگەر نارەحەت نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا فەرمانم پێ دەکردن بە سیواك لەکاتی هەموو نوێژێك دا . ئەمەش نوێژی نیوەڕۆ و عەسر دەگرێتەوە کە هەردووکیان لەدوای (زوال) ن .

**پرسیاری هەشتەم : ئایا بەکارهێنانی قەترەی چاو** ( قطرة عين ) **ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە یان نا ؟**

**وەڵام :** بۆچوونی درووستی زانایان ئەوەیە کە بە تاڵی ناکاتەوە ، هەر چەندە خیلاف لەسەرە لەنێوان زانایاندا ، هەندێکیان وتوویانە ئەگەر ئەو قەترەیە بگاتە قوڕگ ( حلق) بەتاڵی دەکاتەوە ، وە بۆچوونی درووست ئەوەیە کە بەڕەهایی ( مطلقاً ) قەترەی چاو ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، چونکە چاو دەرچە نیە بۆ گەشتنە قوڕگ ( منفذ )

**پرسیاری نۆیەم :** من پیاوێکم تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ( الربو ) بووم ، وە پزیشك ئامۆژگاری کردووم بە بەکارهێنانی بەخاخ لەڕێگەی دەمەوە ، ئایا حوکمی ئەم عیلاجە ( بخاخ ) چیە لەکاتێك دا من لەڕۆژووی ڕەمەزاندابم ؟

**وەڵام :** بسم الله والحمد الله ، حوكمی ئەوەیە كە حەڵاڵە ئەگەر ناچاربوویت بۆ بەكارهێنانی ، لەبەر وتەی خوا . عز وجل . : ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ ( الأنعام : ١١٩ ) ، واتە : بەڕاستی ئەوەی حەرام كراوە لەسەرتان خوا بۆی ئاشكرا و ڕوونكردوونەتەوە مەگەرناچار بكرێن بۆی .

وە لەبەرئەوەی لەخواردن و خواردنەوە ناچێت ، بەڵكو لەڕاكێشانی خوێن بۆ ( تحليل ) ، وە دەرزیە ناخۆراكیەكان دەچێت .

**پرسیاردەیەم :** لەدەرمان خانەكاندا بۆندار ( معطر ) ی تایبەت هەیە بۆ دەم ، ئەویش بریتیە لە ( بخاخ ) ئایا بەكارهێنانی دروستە لەڕۆژی ڕەمەزاندا بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی ناو دەم ؟

**وەڵام :** ئاساییە بەكارهێنانی ئەوشتانەی كە دەبنە هۆی لابردنی بۆنی ناخۆشی ناو دەم جابۆ ڕۆژووان بێت یان جگە لەو ئەگەر ئەو شتە پاك و حەڵاڵ بێت .

**پرسیار یانزەیەم : حوکمی بەکارهێنانی کل ( سورمە ) و هەندێك ئامرازی جوانکردن بۆ ئافرەتان لەکاتی ڕۆژانی ڕەمەزاندا چیە ؟ وە ئایا ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە یان نا ؟**

**وەڵام : کل ( چاوڕەشتن ) بۆ ئافرەتان و پیاوان ڕوژوو بەتاڵ ناکاتەوە لەسەر ڕاستترین بۆچوونی زانایان . کەدوو ڕایان هەیە . بەڵام بەکارهێنانی بۆ ڕۆژووان لەشەودا باشترە ، بەهەمان شێوە ئەو شتانەی کە بەهۆیەوە دەم و چاو جوان دەبێت لە صابوون و چەوریەکان و هەموو شتەکانی تر کە پەیوەستن بە ڕووکەشی پێستەوە ، لەوانەش خەنە و هاوشێوەکانی** ... واللهُ ولي التوفيق .

**پرسیاری دووانزەیەم : ئایا ڕشانەوە ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ؟**

**وەڵام : زۆرجار ڕۆژووان توشی چەند شتێك دەبێت کەبە ئەنقەست نەیکردووە ، لەبرین دار بوون ، یان خوێن لەلوت هاتن ، یان ڕشانەوە ، یان ڕۆشتنی ئاو یان بەنزین بۆ قورگی بەبێ ویست و اختیاری خۆی ، هەموو ئەمانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە ، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ** : " مَن ذرعه القيءُ فلا قضاءَ عليه ، ومن استقاء فعليه قضاء " ، **واتاکەی پێشتر باسکراوە .**

**پرسیاری سیانزەیەم : حوکمی تف و لیك قوتدان چیە بۆ ڕۆژووان ؟**

**وەڵام :** تف و لیك قوتدان تاوان نیە ، هیچ خیلافێکیش لەسەر ئەوە نازانم لە نێوان زانایاندا لەبەر قورسی یان نەتوانینی خۆپاراستن لێی . واتە لە تف قوتدان . بەڵام چڵم و بەڵغەم ئەگەر گەشتنە ناو دەم پێویستە دەربکرێنە دەرەوە ، وە دروست نیە بۆ ڕۆژووان قوتی بدات ، چونکە دەتوانێت خۆی لێ بپارێزێت . لە دەم بیکاتە دەرەوە . چونکە وەکو تف نییە .

**پرسیار چواردیەم : ئایا بەکارهێنانی بۆن دروستە وەکو چەوری و ( عود ) [٣] و کۆڵۆنیا و بوخور لەڕۆژی ڕەمەزاندا ؟**

**وەڵام :** دروستە بە مەرجێك بخورەکە هەڵنەمژێت .

**پرسیاری پانزەیەم : پیاوێکی ڕۆژووان خۆی شۆردووە و بەهۆی پەستانی ئاوەکەوە ئاو چووەتە ناو سکیەوە بەبێ ویستی خۆی ئایا قەزا گێڕانەوەی . لەسەرە ؟**

**وەڵام :** قەزای لەسەر نیە ، چونکە بەئەنقەست نەبووە ، بۆیە ئەوە لەحوکمی زۆرلێکراو ، و ئەو کەسەدایە کەشتێکی لەبیر چووە .

---

[٣] جۆرێکە لە بۆن . وەرگێڕ .

**پرسیاری شانزەیەم : ئایاغەیبەت کردن لە ڕەمەزاندا دەبێتە هۆی بەتاڵ بونەوەی ڕۆژوو ؟**

**وەڵام : غەیبەتکردن ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، غەیبەتیش بریتیە لەوەی مرۆڤ باسی براکەی خۆی بکات بەشتێك کەوا پێی ناخۆشە ، وە ئەمەش سەرپێچیە ،لەبەر وتەی خوا ـ عز وجل ـ :** ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا﴾ ( الحجرات : ١٢ ) ، **واتە : لە پاشملە باسی یەکتری و ناوی یەکتری بەخراپە مەبەن .**

**بەهەمان شێوە قسەهێنان و قسەبردن و جوێن دان و درۆ هەموو ئەمانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە ، بەڵام سەرپێچین ، پێویستە لێیان وریابین و لێیان دوور بکەوینەوە ، ڕۆژووان و جگە لەویش ، ئەم سەرپێچییانە ڕۆژوو دەڕووشێنی و پاداشتی کەم دەکاتەوە ، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :** " من لم يدع قول الزور والعمل به والجهل ، فليس لِلهِ حاجه في أن يدعَ طعامه وشرابه" ( رواه البخاري في صحيحه).

**واتە : هەرکەسێك واز لە وتەی درۆو کارپێکردنی و کاری خراپە نەهێنێ ، ئەوە خوا پێویستی بەوە نیە کەواز لەخواردن و خواردنەوە بهێنێ .**

وە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ : " الصيام جنة فإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث ولا يصخب فإن سابَّهُ أحد أو قاتله فليقل إِني صائم " ( متفق عليه) ، واتە : ڕۆژوو پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ ، جا هەریەکێك لەئێوە ئەگەر بە ڕۆژوو بوو با کاری خراپەو هاوارو دەنگە دەنگ نەکات ئەگەر کەسێك جنێوی پێدا یان شەڕی لەگەڵدا کرد بابڵێ من بەڕۆژووم .

**پرسیار حەڤدەیەم : ئەگەر ڕۆژووان لەبیری چوو بەڕۆژووە و شتی خوارد حوکمی چیە ؟ وە چی پێویستە لەسەر ئەوەی کە دەیبینێت ؟**

**وەڵام :** هەرکەسێك لەبیری چوو کەبەڕۆژووە و بخوات و بخواتەوە ڕۆژووەکەی دروستە ، بەڵام ئەگەر بیری کەوتەوە ئەوە پێویستە دەری بهێنێت هەتا ئەگەر پاروەکە لەدەمیشیدا بێت پێویستە لەسەری فڕێی بدات ، بەڵگەش لەسەر تەواوی ڕۆژووەکەی فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە لێیەوە جێگیر بووە لەفەرموودەی ئەبو هورەیرەوە کە فەرموویەتی : " من نسي وهو صائم فأكل أو شرب فليتم صومه ، فإنما أطعمه الله وسقاه " ، واتە : هەرکەسێك لەبیری بچێت وە بەڕۆژووش بێت و بخوات و بخواتەوە ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات ، ئەوە خوا

خۆراك و ئاوی پێداوە. وە لەبەرئەوەی مرۆڤ بەرپرس نیە لە ئەنجامدانی کارێکی قەدەغەکراو ئەگەر هاتوو لەبیری چوو بوو

کە ئەو شتە حەرامە ، لەبەر وتەی خوای گەورە : ﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَا ﴾(البقرة : ٢٨٦ ) فقال الله تعالى:" قد فعلت " .

واتە : ئەی پەروەردگار لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەر داهات و هەڵەیەکمان لەدەست قەوما . بەڵام ئەو کەسەی دەیبینێت پێویستە یادی بخاتەوە ، چونکە ئەمە لەگۆڕینی خراپە یە ، وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " مَنْ راي منكم منكراً فليغيره بيدهِ ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فبقلبه " ، واتە : هەرکەسێك لەئێوە خراپەیەکی بینی بابە دەستی بیگۆڕێت ، ئەگەر نەیتوانی بابەزمانی بیگۆڕێت ، ئەگەر نەیتوانی بالەدڵەوە پێی ناخۆش بێت .

وە گومانی تێدا نییە خواردن و خواردنەوەی ڕۆژووان لەحاڵەتی بەڕۆژووبوندا لە خراپەیە بەڵام عەفو دەکرێت لە حاڵەتی لە بیرچووندا لە بەر نەبوونی بەرپرسیارێتی بەڵام ئەوەی دەیبینێت هیچ عوزری نیە لەوەی کە نکوڵی نەکات لەوخراپەیە . واتە : لە بیرخستنەوەی کەسەکە بەوەی کە بەڕۆژووە . .

**پرسیاری هەژدەیەم : حوکمی سیواك و بۆن چیە بۆ ڕۆژووان ؟**

**وەڵام :** ووتەی ڕەوا ئەوەیە کە سیواك کردن بۆ ڕۆژووان سوننەتە لەسەرەتای ڕۆژو و کۆتایی ڕۆژدا ، لەبەر گشتێتی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ : " السواك مَطْهَرَةٌ للفم مَرْضَاةٌ للرب " ، وە فەرموودەی : " لو لا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك مع كل صلاة "

وە بۆنیش بەهەمان شێوە دروستە بۆ ڕۆژووان لەسەرەتای ڕۆژو و کۆتاییەکەشی ، جابۆنەکە بوخوڕ بێت ، یان چەوری ، یان جگە لەوەش ، بەڵام هەڵمژینی بوخوڕ دروست نییە ، چونکە بوخوڕ چەند بەشێکی هەست پێکراوی هەیە ئەگەر هەڵی بمژێت دەچێتە ناو لووتەوە پاشان دەچێتە ناو گەدەوە ، لەبەر ئەمەش پێغەمبەر ﷺ بە ( لقيط ) ی کوڕی ( صبرة ) ی فەرموو : " زیادەڕەوی بکە لەئاو لەلووت هەڵدان تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەبە ڕۆژووبوویت " .

**پرسیاری نۆزدەیەم** : ئایا دەرچوونی خوێن لە پوکی ددانی ڕۆژووان ڕۆژوو بە تاڵ دەکاتەوە ؟

**وەڵام :** ئەو خوێنەی کەلە ددانەکانەوە دەردەچێت کاریگەری نیە لەسەر ڕۆژوو ، بەڵام تاکو لەتوانادا هەیە خۆبپارێزرێت لەقوتدانی ،

بەهەمان شێوە ئەگەر خوێن لە لووتی هات و خۆی پاراست لەقوتدانی ئەوا هیچی لەسەر نیە ، وە پێویست نیە لەسەری ڕۆژووەکەی بگێڕێتەوە .

**پرسیاری بیستەم : ئەگەر ئافرەتێکی حەیزدار پێش سپێدە** ( فجر ) **پاك بوویەوە وە پاش دەرکەوتنی سپێدە خۆی شۆرد ، حوکمی ڕۆژووەکەی چییە؟**

**وەڵام :** ڕۆژووەکەی درووستە ئەگەر دڵنیابوو لەوەی کە پێش سپێدە پاك بووەتەوە ، گرنگ ئەوەیە دڵنیابێت لەوەی کە پاك بووەتەوە ، چونکە هەندێك ئافرەت هەیە واگومان دەبات کەپاك بووەتەوە بەڵام پاکیش نەبووەتەوە ، وە لەبەر ئەمە ئافرەتان لۆکەیان دەهێنا بۆلای ( عائشة ) . رضي الله عنها . وە پیشانیان دەدا وەکو نیشانەیەك بۆ پاك بوونەوەیان ، ئەویش پێی دەوتن : (( لا تَعْجَلْنَ حَتَّ ترين القصة البيضاء )) ، واتە : پەلەمەکەن تاکو ئاوی سپی دەبینن . ئافرەت لەسەریەتی کەلەسەر خۆبێت و موڵەت بەخۆی بدات هەتا دڵنیا دەبێت لەوەی کەپاك بووەتەوە ، ئەگەر پاك بوویەوە نیەتی ڕۆژوو دەهێنێت ئەگەر خۆیشی نەشۆردبێت تادوای دەرکەوتنی

سپێدە ، بەڵام لەسەریەتی ڕەچاوی نوێژ بکات و پەلەبکات لە خۆشۆردن بۆئەوەی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا بکات .

وە پێمان گەیشتووە کە هەندێك لەئافرەتان پاش دەرکەوتنی سپێدە ، یان پێش دەرکەوتنی سپێدە پاك دەبنەوە ، بەڵام خۆشۆردن دوادەخەن بۆ دوای سپێدە بەبیانووی ئەوەی کە گوایە دەیانەوێت بەشێوەیەکی تەواو و پاك و خاوێنتر خۆیان بشۆن ، ئەمەش هەڵەیەکە کە لە ڕەمەزان و جگە لەویش دەیکەن ، چونکە پێویستە لەسەری پەلەبکات لەخۆشۆردن بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا نوێژەکەی بکات ، وە بۆی هەیە کە بەوشێوەیەی لە سەری واجبە خۆی بشوات بۆ ئەوەی نوێژەکەی ئەنجام بدات .

وە ئەگەر پێیخۆش بوو زیاتر خۆی پاك و خاوێن بکاتەوە پاش دەرکەوتنی سپێدە ئەوا گوناهی لەسەر نیە ، بەهەمان شێوە پیاو وئافرەتی لەشگرانیش ئەگەر تادوای دەرکەوتنی سپێدە خۆیان نەشۆرد دروستە و هیچ گوناهیان لەسەر نیە و ڕۆژووەکەشیان تەواوە ، چونکە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بووە کە سپێدەی بەسەردا هاتووە و لەشگران بووە بەهۆی چونەلای خێزانەکانیەوە ، وە ڕۆژووی گرتووە و پاش دەرکەوتنی سپێدە خۆی شۆردووە، واللە أعلم.

**پرسیاری بیست ویەکەم:حوکمی خۆفێنك كردنەوە چیە بۆ ڕۆژووان؟**

**وەڵام : خۆفێنك كردنەوە بۆ ڕۆژووان دروستەو هیچی تێدانیە ، وە پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژووش بووە و ئاویشی دەكرد بەسەرخۆی دا لەگەرمادا ، یان لەبەر تینوێتی .**

( ابن عمر ) رضي الله عنه **بەڕۆژوو بوو ئاوی دەكرد بە جلەكەیدا بۆ سووك كردنەوەی ئەو گەرمیە بەتینەی كەهەبوو ، یان لە تینوێتیدا ، وە تەڕی كاریگەری نیە لەسەر ڕۆژوو ، چونكە ئاوێك نیە كە بگاتە گەدە** ( معدة ) .

**پرسیار بیست و دووەم:ئایا بەتام كردنی خۆراك ڕۆژوو بەتاڵ دەبێتەوە ؟**

**وەڵام : ڕۆژوو بەتاڵ نابێتەوە بەتام كردنی خۆراك ئەگەر قووتی نەدات ، بەڵام ئەم تام كردنە ئەنجام نەدات تەنها لەكاتی پێویستدا نەبێت ، وە لەم حاڵەتەدا ئەگەر شتێك چووە ناو سكتەوە . بەبێ ویستی خۆت . ڕۆژووەكەت بەتاڵ نابێتەوە ( ئەم فەتوایە و ئەوەی پێشیش هی پێشەوا** ( محمد بن صالح العثيمين ) **ە** . و آخرُ دعوانا أن الحمدللهِ ربِّ العالمين . **وەرگێڕانی : إدريس محمود**

# تۆ و قورئان لە ڕەمەزاندا

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين وعلى آله وأصحابه أجمعين ... أما بعد .

قورئانی پیرۆز ئەو کتێبەی خوای گەورەیە کە بە پارێزگاری خوا پارێزراوە ، لە هەموو دەستکاری و گۆڕان و چەواشەکاریەك ، یان لە هەموو زیادکرکردن و کەم کردنێك ، خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾

( سورة الحجر : ٩ ) ، واتە : بەڕاستی ئێمە خۆمان قورئانمان دابەزاندووە و خۆشمان دەیپارێزین .

وە ئەم قورئانە دوایین کتێبێکە کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ مرۆڤ ، چاکترینیانە و بالأدەستیشە بەسەر هەموویاندا ، خوای گەورە دەفەرموویێت :

﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴾

( المائدة : ٤٨ ) . واتە : ئێمە قورئانمان بۆ تۆ . ئەی محمد ﷺ . دابەزاندووە ، بە ڕاستی کە هیچ گومانێکی تێدا نیە کە لە لایەن خواوەیە ، وە ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات کە باسی قورئانی تێدا کراوە ، و ئەم قورئانەش چاودێری و دادوەرە بەسەر کتێبەکانی پێشوو .

کە بەڕاستی گەورەترین موعجیزەیە ، و هیدایەتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی ، ﴿ الٓر ۚ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿١﴾ ﴾ ( إبراهيم : ١ ) ،

واتە : ئەم قورئانە کتێبێکە دامانبەزاندووە بۆ تۆ ئەی محمد ﷺ بۆ ئەوەی خەڵکی لە تاریکایەکانی هاوەڵ بڕیاردان و نەفامی دەربهێنیت و بەرەو ڕووناکی و نوری ئیمان بەویستی خوای بالادەست و سوپاس کراو .

هەرکەسێك گوفتاری قورئان بێت ئەوە ڕاست دەڵێت ، و هەر کەسێك ئیشی پێ بکات پاداشتی دەدرێتەوە ، وە هەر کەسێکیش بانگەشەی بۆ بکات ئەوا ڕێنموویی کراوە بۆ سەر ڕاستە ڕێگای خوای پەروەردگار ، وە بەڕاستی ئەم قورئانە ڕاست کەرەوەی

خوڕەوشت و ڕێکخەری ژیانە ، وە هەر کەسێك دەستی پێوە بگرێت ئەوا دەستی گرتوە بە پەتێك کە هەرگیز نا پچڕێت .

بۆیە هیچ سەیر وسەمەرە نیە ئەگەر خوێندنەوەی لە چاکترین کردەوە چاکەکان بێت ، و خوێندنەوە و تێڕامان و بیر کردنەوە لە ماناکەی لە گەورەترین نزیك بوونەوەکان بێت لەخوای گەورە . ئەوەتا خوای بالآدەست دەفەرمووێ : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ ( سورة فاطر : ٢٩ ) ، واتە : بەڕاستی ئەوانەی کەوا کتێبی خوا ( قورئان ) دەخوێننەوە و نوێژەکانیان بە جوانی ئەنجام دەدەن و دەبەخشن لە پێناوی خوادا بە پەنهانی و ئاشکرا خوازیاری بازرگانیەکن کە هەرگیز بە فیڕۆ ناچێت .

وە بە خوێندنەوەی قورئان و تێڕامان لە ئایەتەکانی و بیرکردنەوە لە واتاکەی ئارامی دادەبەزێت بەسەردا و ڕەحمەت دایدەپۆشێت ، و فریشتەکانی خوا ئامادەی دەبن ، خوای گەورە خۆی باسی بەندە چاکە کارەکانی دەکات لە لای فریشتەکانی ، ئەوەیە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێ : " وما اجتمع قوم في بيت

من بيوت الله ، يتلون كتاب الله ، ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة ، و غشيتهم الرحمة ، وحفتهم الملائكة وذكرهم الله فيمن عندة " ( رواه مسلم ) .

واتە : هیچ کۆمەڵە کەسێك لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوا کۆ نابنەوە بۆ خوێندنەوەی قورئان و لە نێوان خۆیاندا باسی دەکەن ئیللا ئارامییان بەسەردا دادەبەزێت ، و ڕەحمەت دایاندەپۆشێت ، وفریشتەکان دەورەیان دەدەن ، و خوای گەورەش لای فریشتەکان باسیان دەکات .

بەڕاستی هیچ زیکرێك نیە ئەو پاداشتەی هەبێت وەکو قورئانی پیرۆز هەیەتی ، چونکە ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێت هەموو پیتێك کە دەیخوێنێت حەسەنەیەك ( چاکەیەکی ) بۆ دەنوسرێت ، وە هەر چاکەیەکیش بە ( دە ) ئەوەندەیەتی ، ئەوەتا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرمووێت : " مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا ، لاَ أَقُولُ : ﴿الٓمٓ﴾ حَرْفٌ ، وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ وَلاَمٌ حَرْفٌ وَمِيمٌ حَرْفٌ " ( صحيح الجامع الصغير برقم : ٦٤٦٩ )

واتە : هەرکەسێك پیتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێت ، بە هەموو پیتێکی چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت ، چاکەی لە لای خوای پەروەردگار بە دە ئەوەندەی خۆیەتی و چەند جار دەکرێتەوە ، ناڵێم

﴿الٓمٓ﴾ بە پیتێك دەژمێردرێت ، بەڵكو ﴿ أَلِف﴾ بە تەنها پیتێكە و ﴿ لاَم ﴾ یش پیتێكە ، و ﴿ مِيم ﴾ یش پیتێكە .

وە قورئان ڕێبەری خوێنەرەكەیەتی لە قیامەتدا بەرەو تاجی كەرامەت ڕەزامەندی خوای گەورە ، وەكو لەو فەرموودەیەدا هاتووە كە ( أبو هريرة ) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ " يجيء صاحب القرآن يوم القيامة ، فيقول القرآن : يا رب حله ، فيلبس تاج الكرامة ، ثم يقول : يا رب زده ، فيلبس حلة الكرامة ، ثم يقول : يا رب ارض عنه ، فيرضى عنه ، فيقال له اقرأ وارق ويزداد بكل آية حسنة " ( صححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب : ١٤٢٥ ) واتە : خاوەنی قورئان دێت لە ڕۆژی قیامەتدا ، قورئان دەڵێت : ئەی خوایە بیپۆشە ، ئەو كاتە تاجی كەرامەتی دەكرێتە سەر ، و ئینجا دەڵێت : ئەی خوایە زیادی بكە ، ئینجا پۆشاكی كەرامەتی لەبەر دەكرێت ، ئینجا دەڵێت : ئەی خوایە لێی ڕازی بە ، و پێی دەوترێت : بخوێنە و بەرزبەرەوە ، بە هەموو ئایەتێك كە دەیخوێنێت چاكەیەك ( حسنة ) یەك زیاد دەكرێت .

**مانگی قورئان** : مانگی ڕەمەزان مانگی قورئانە ، خوای گەورە دەفەرموویت :

﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ ﴾ ( البقرة : ١٨٥ ) ، واتە : مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا دابەزیوە ، هیدایەتە بۆ خەڵکی و بەڵگەی تێدایە بۆ ڕێنموویی خەڵکی و جیاکردنەوەی حەق و ڕاستی لە ناڕاستی .

وە قورئان وتەی خوای گەورەیە بۆیە هەرکەسێك بیەوێت لەگەڵ خوای گەورەدا گفتو گۆ بکات ئەوا با قورئان بخوێنێت ، بە ڕاستی موسوڵمان هەر جارێك قورئان بخوێنێت دواتر بگەڕێتەوە بۆ سەری جارێکی تر ئەوا زۆر بە پەرۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ، و هەرگیز خوێنەری قورئان لێی بێزار نابێت ، و هەر کەسێك ئارامی دڵی دەوێت ئەوا با قورئان بخوێنێت ، و هەر کەسێك خشوع و گەڕانەوەی بۆ لای خوا دەوێت ئەوا با قورئان بخوێنێت ، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت :

﴿ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) ، واتە : بەڕاستی تەنها بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبن .

وە خوێندنی قورئانی پیرۆزیش لە یادی خوایە ، وە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی خوێندنەوەی قورئان گەلێك زۆرن ، لەوانە : پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " الصيام والقرآن يشفعان للعبد يوم القيامة ، يقول الصيام : أي رب إني منعته الطعام والشهوات بالنهار ، فشفعني فيه ، يقول القرآن : رب منعته النوم بالليل ، فشفعني فيه ، فيشفعان " ( صححه الألباني في صحيح الجامع : ٣٨٨٢ ) ، واتە : بۆ بەندەکانی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ، ڕۆژوو دەڵێت : ئەی خوایە ! من ڕێگربووم لە خواردن و شەهوەتی داوات لێدەکەم تکام قەبووڵ بکە ، و قورئانیش دەڵێت : خوایە من ڕێگربووم لە خەوتنی لە شەودا تکام قەبووڵ بکە ، فەرمووی : خوای گەورەش تکایان قەبووڵ دەکات و لێی خۆش دەبێت .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " اقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابه " ( رواه مسلم ) واتە : قورئان بخوێنن ، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکارە بۆ خاوەنەکانی .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري ) ، واتە : چاکترینتان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن و فێری کەسانی تریش دەکەن .

وە ئەو قورئان خوێنەی کە بەڕاستی و دروستی قورئان دەخوێنێت پلەو پایەیەکی بەرز و گەورەی هەیە لای خوای گەورە ، چونکە ئەو کەسە لەگەڵ فریشتە نزیکەکانە ، وە ئەو کەسەش کە قورئان دەخوێنێت قورس و ناڕەحەتە لەسەر زمانی و خوێندنەوەی ئاسان نیە بۆی ، ئەوە دووجار پاداشتی هەیە لای خوا ، وە ئەمەش چاکەیەکی گەورەیە ، ئەمەش لە دەقی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە دەفەرمووێ : " الماهر بالقرآن مع السفرة الكرام البررة والذي يقرأ القرآن ويتتعتع فيه وهو عليه شاق له أجران " ( متفق علية ) ، واتە : ئەوەی قورئان بە دروستی و جوانی دەخوێنێتەوە ئەوە لەگەڵ فریشتە بەڕێزەکانی خوادایە . ئەو فریشتانەن کە سەفیرن لە نێوان خوای گەورە و بەندەکانی ، و ئەوەی کە قورئان دەخوێنێت و دەوەستێت تیایدا و قورسە لەسەر زمانی ئەو کەسە دوو پاداشتی هەیە .

وە هەتاکو موسوڵمان زیاتر قورئان بخوێنێت ، و زیاتر قورئانی لەبەر بێت پلەو پایەی بەرزترە لە ڕۆژی قیامەتدا ، هەروەکو پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرمووێت : " اقرأ وارتق ورتل كما كنت ترتل في الدنيا فإن منزلتك عند آخر آية ( كنت ) تقرأ بها "

( صححه الألباني في السلسلة الصحيحة : ٢٢٤٠ ) ، واتە : بە قورئان خوێن دەوترێت : بخوێنەو بەرزبەرەوە ، بە ڕاستی شوێن و پلەت لەلای کۆتا ئایەتێکە کە دەیخوێنیت.

بۆیە پێویستە لەسەر موسوڵمان هەوڵ بدات زیاتر قورئانی پیرۆز بخوێنێت ، و ویردێکی ڕۆژانە بۆ خۆی دابنێت لە قورئان خوێندن ، بۆ ئەوەی بگاتە پاداشتی گەورەی خوای پەروەردگار . وە لە ( ابن عباس ) ەوە رضي الله عنه فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشندەترین کەس بووە ، و بەخشندەیەکەی لە ڕەمەزاندا زیاتر دەبوو کاتێك کە ( جبريل ) دەهاتە خزمەتی ، وە هەموو شەوێکی ڕەمەزانیش ( جبريل ) دەهاتە خزمەتی و قورئانی پێ دەوت ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشندەتر دەبوو بەخێر و ( صدقة ) لەو بایەی کە هەڵدەکات ( متفق عليه ) .

**ئیمامی النووي** . ڕەحمەتی خوای لێبێت . دەفەرمووێت : بەڕاستی ئەو حوکمانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت ئەوەیە : سوننەت بوونی خوێندن و فێربوونی قورئانە لەم مانگە پیرۆزەدا .

وە پیاو چاکانی پێشوو - خوایان لێ ڕازی بێت - خۆیان بە خوێندنی قورئان و تێگەیشتن لە ئایەتەکانی زیاتر سەر قاڵ دەکرد لە مانگی ڕەمەزاندا ، زیاتر لە مانگەکانی تر ، چونکە ئەم مانگە مانگی قورئانە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ ﴾ ( البقرة : ١٨٥ ) ، واتە : مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تیادا دابەزیوە ... .وە بەڕاستی خاوەن قورئان لەبەندە تایبەتەکانی خوای گەورەیە ، و سەیرکردنی وشەکانی قورئان ( المصحف ) هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشەویستی خوا هەروەك لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر بوە کە فەرموویەتی : " من سره أن يحب الله ورسوله فليقرأ في المصحف " ( حسنه الألباني في السلسلة الصحيحة : ٢٣٤٢ ) ، واتە : هەر کەسێك پێی خۆش بێت خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆش بوێت ئەوا با لە قورئان ( مصحف ) بخوێنێت .

وە سونەتیش وایە کە تەواوکردنی ( ختم ) ی قورئان لەسیٚ ڕۆژ کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی بەندەی موسوڵمان بتوانێت لە گوفتاری خوای گەورە تیٚ بگات ، خوای گەورە دەفەرموویٚت : ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٢٩﴾ ﴾ ( ص : ٢٩ )، واتە : ئەم کتێبەمان کە قورئانە بۆ دابەزاندوویت کە موبارەك و پیرۆزە بۆ ئەوەی لە ئایەتەکانی بیر بکەنەوە و تێبفکرێن.

وە پەند و عیبرەت وەرگرتن بەوە نیە کە چەند جار قورئان ( ختم ) دەکەیت ، بەڵکو پەند و عیبرەت بەوەیە کە لەگەڵ زۆر خوێندنی قورئاندا هەوڵ بدەیت بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکانی و ئیش کردن بە فەرمانەکانی ، بۆ ئەوەی نەبین لەو کەسانەی کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموویٚت : ﴿ وَمِنۡهُمۡ أُمِّيُّونَ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ ﴾ ( البقرة : ٧٨ ) .

هەروەکو شێخی ئیسلام ـ ابن تیمیە ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ دەفەرموویٚت : (( خوێندنەوەیەك کە هیچ تێگەیشتنی لەگەڵدا نیە )) .

وە بەڕاستی ( ابن مسعود ) ﵁ ڕاستی فـەرمووە کاتێك دەڵێت : (( ئـەو قورئانـە مـەخوێنن وەکـو چـۆن شـیعر دەخـوێنن ، وە پـەخش و بلاّوی مەکەن وەکو چۆن خورمای خراپ پەخش و بلاّو دەکەنەوە ، بەڵکو لای باسە سەرسوڕهێنەرەکانی بوەستن ، و دڵەکانی پـێ بێننە جـۆش ، و هـەموو مەبەسـتی کەسـێکتان ئـەوە نـەبێت کـە سـورەتەکە تەواو بکات ! )) .

**لەحەوت ڕۆژدا** : ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) ﵁ دەفەرمووێت : (( قورئان نەخوێنـدرێت لەسـێ ڕۆژ کـەمتر ، قورئـان لـە حـەوت ڕۆژدا بخوێنن ، و بۆ ئەوەی پیاو پارێزگاری بکات لە خوێندنەوەی ڕۆژانـەی خۆی )) .

وە لـە ( أبي ) ی کـوڕی ( کعب ) ﵁ فەررموویـەتی : (( بەڕاسـتی ئێمـە قورئـان لـە هەشـت ڕۆژدا دەخـوێنین ، و ( أبـو عبید ) لـە کتـێبی ( فضـائل القـران ) دا لـە ( ابـن مسـعود) ەوە ﵁ دەگێڕێتـەوە کـە جگـە لـە ڕەمـەزان لـە ( جمعة ) ەوە بـۆ ئـەو ( جمعة ) قورئـانی خـەتم دەکـرد ، وە ( الطبراني ) ش لـە ( ابـن مسعود ) ەوە ﵁ دەگێڕێتـەوە کـە لـە سـێ ڕۆژدا قورئانی ( خەتم ) دەکرد .

وە دەڵێن کە خەلیفەی سێیەم ـ عثمان بن عفان – خوای لێ ڕازی بێت ـ لە شەوی ( جمعة ) دا دەستی دەکرد بە ( ختم ) ەوە لە سورەتی ( البقرة ) تاکو ( المائدة ) ی دەخوێند ، و لە ( یوسف ) ەوە تاکو ( مریم ) و لە ( طه ) وە هەتاکو ( طسم موسى و فرعون القصص ) ، و لە ( العنكبوت ) ەوە هەتاکو ( ص ) ، و لە ( تنزیل ) ەوە هەتاکو ( الرحمن ) و ئینجا ( ختم ) ی دەکرد . واتە : لە شەوی ( جمعة ) دەستی پێ دەکرد و لە شەوی پێنج شەمە ( ختم ) ی دەکرد .

وە ( الحافظ ) . ڕەحمەتی خوای لێبێت . دەڵێت : ( ابن أبو داود ) ڕیوایەتی کردووە بە ( أسانید صحیحة ) لە ( عثمان و ابن مسعود و تمیم الداری ) ەوە ﵃ کە ئەمانە هەموویان لە حەوت ڕۆژدا قورئانیان ( خەتم ) کردووە .

وە ( أبو عبید ) ڕیوایەتی کردووە کە ( إبراهیم ) لە حەوت ڕۆژدا قورئانی ( خەتم ) دەکرد .

وە ئیمامی مالك . ڕەحمەتی خوای لێبێت . ئەگەر چووبایە ناو مانگی ڕەمەزانەوە کتێبەکانی دادەخست و قورئانەکەی دەگرت بەدەستەوە ، وفەتوای نەدەدا ووەڵامی پرسیاری خەڵکی نەدەدایەوە

ودەیفەرموو : ئەمە مانگی ڕەمەزانە ، ئەمە مانگی قورئانە ، وە لە مزگەوت دەمایەوە هەتاکو ڕەمەزان کۆتایی دەهات .

وە ئیمامی ( أحمد ) . ڕەحمەتی خوای لێبێت . کە بەناوبانگە بە پشت هەڵکردنی لە دونیا و لە پەرستنشدا ( طاعة . عبادة ) و ئیمامی ( أهل السنة ) ئەگەر ڕەمەزان بهاتبایەت دەچووە مزگەوتەوە و تیایدا دەمایەوە ، و داوای لێ خۆش بوونی دەکرد و تەسبیحاتی خوای دەکرد ، هەر کاتێك دەست نوێژی بشکایەت دەست نوێژی تازە دەکردەوە و نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی بۆ شتێکی زۆر پێویست نەبێت لە خواردن یان خواردنەوە یان خەوتن بەم شێوەیە دەمایەوە هەتاکو ڕەمەزان کۆتایی دەهات ، ئینجا بەخەڵکی دەوت : ئەمە ئەو مانگەیە کە تاوانەکان دەسڕێتەوە ، نامانەوێت وەکو مانگەکانی تر بێت لە تاوان و گوناه .

وصلى الله وسلم وبارك علي سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

وەرگێڕانی بەدەست کاریەوە : مامۆستا دارا جبار

# حاڵی سەلەف لە ڕەمەزاندا

بە ڕاستی خوای گەورە مانگی ڕەمەزانی تایبەت کردووە بەزۆرێك لەفەزڵ و گەورەیی کە لەم مانگەدا کتێبە ئاسمانیەکانی دابەزاندووە ، و هەر ئەم مانگەی کردووە بە مانگی تۆبە و لێخۆشبوونی گوناهەکان و مانگی ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ ، وە لەم مانگەدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە و دەرگاکانی جەهەننەم دادەخرێن و شەیتانە سەرکەشەکان زنجیر دەکرێن وبەند دەکرین ، و هەروەها لەم مانگەدا شەوێك هەیە عیبادەت کردن تیایدا خێری هەزار مانگی هەیە ئەویش شەوی قەدرە ، ئەم مانگە مانگی هەوڵدان و چاکەکردنە و مانگی دوعا گیرا بوونە .

لەبەر ئەمەیە پێشینە پیاوچاکانی پێش ئێمە ( واتە : سەلەف ) نرخ و ڕێز و گەورەی ئەم مانگەیان زانیوە ، بۆیە خۆیان بەشێوەیەکی تایبەت لەمانگانی تر کاری چاکەیان زۆر کردووە لەم مانگەدا ، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای گەورەیان دەست کەوێت لە گەڵ دەستکەوتنی ئەو پاداشتەی کە لە لای خوای گەورەدایە ، هەندێ لەپیاو چاکانی پێشین ( سلف ) داوایان لەخوای گەورە کردووە بۆ

ئەوەی بیان گەیەنێت بەمانگی ڕەمەزان ، شەش مانگیش لە دوای ڕەمەزان داوایان لەخوای گەورە کردووە ڕۆژوو عیبادەتی مانگی ڕەمەزانیان لیٚ قبول بکات .

( عبدالعزيز ) ی کوڕی ( داود ) ئەڵێت : ئەگەر ڕەمەزانیان پێبگەشتایە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆریان ئەکرد بۆ کردنی کاری چاکە وعیبادەت ، لەدوای کردنی ئەم کارانەش هەموو غەمێکیان ئەوەبوو ئایە خوای گەورە ئەم کارەیان لیٚ وەرئەگریت یان نە .

وەرە برا و خوشکی بەڕێزم با تێڕوانینێك بکەین لە ژیان و حاڵی ( سەلەف ) لە ڕەمەزاندا ، کە هەموو غەمێکیان ئەوە بووە بە دڵسۆزی عیبادەت و کاری چاکە بکەن لەم مانگەدا ، با ئیمەیش چاو لەو کۆمەڵە سوارچاکە بکەین کە لە مەیدانی خوا پەرستیدا و کاری چاکەدا لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا ، بەڕاستی گەورەی عیبادەت بزانین لەم مانگەدا ، وە کاری بۆ بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین .

**یەکەم : حاڵی ( سەلەف ) لە گەڵ قورئان خوێندندا :**

پیغەمبەر ﷺ گرنگیەکی تایبەتی داوەتە مانگی رەمەزان بۆ قورئان خوێندن ئەویش لە فەرموودەکەی فاتمەی کچی پێغەمبەر ﷺ

**دەردەکەوێت ، کە ئەلێت : باوکم ﷺ خەبەری پێدام کە** ( جبريل ) **.** عليه السلام **. ساڵی یەکجار قورئانی خویندووە بۆم لەڕەمەزاندا ، بەڵام ئەو ساڵە کە باوکم تیایدا وەفاتی کرد دووجار قورئانی خوێندووە بۆی .**

**باش وایە قورئان لەشەودا بخوێنرێت ، چونکە شەو کارکردنی تیدا نیە و میشك مەشغوڵی بیرکردنەوە نیە لە ئیش وکار ، وە دڵسۆزی عیبادەت زیاتر تیایدا دەردەکەوێت ، وەکو خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێت :** ﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـًٔا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ۝٦ ﴾ ( سورة المزمل : ٦ ) .

**مانگی ڕەمەزان گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە بۆ قورئان خوێندن ، خوای گەورە باسی گەورەی دابەزینی قورئانمان بۆ دەکات لەم مانگە پیرۆزەدا :**

﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٥ )

ئا لەبەر ئەمەیە ( سەلەف ) ڕەحمەتی خوایان لە سەر بێت زۆر گرنگیان داوەتە قورئان خوێندن لەمانگی ڕەمەزاندا ، لە کتێبی ( سير أعلام النبلاء ) دا باسی هەندێك لە پیاوچاکانەمان بۆ ئەکات لەوانەش :

**مالکی کوڕی ئەنس :** ئەگەر ڕەمەزان بهاتایە وازی لە خوێندنی فەرمووده و مەجلیسی ئەهلی عیلم ئەهینا و ڕووی ئەکردە قورئان خوێندن .

**زبيد اليامى :** ئەگەر ڕەمەزان بهاتایە ئەوا قورئانی ئامادە ئەکرد و هاوەڵ و هاوڕێیانی لەسەری کۆئەکردەوە بۆ خویندن دیراسە کردنی.

**قتادە :** یەکێکە لەو کەسانەی کە قورئانی لە پێش مانگی ڕەمەزاندا حەوت ڕۆژ جارێك قورئانی خەتم کردووە ، بەلاّم لەمانگی ڕەمەزاندا هەموو سێ ڕۆژێك قورئانی خەتم کردووە .

**دووەم : حاڵی ( سەلەف ) لەگەڵ شەونوێژدا :**

شەونوێژ پیشەی پیاوچاکان بووە و بازرگانی بڕواداران بووە ، کاری سەرفراز و سەرکەوتووەکان بووە لەکەڵە پیاوەکانی ئیسلام ، وە لە شەودا ئەم پیاوانە خۆیان یەکلا دەکردەوە بۆ خوای گەورە لە

تەنهایی شەودا ڕوویان دەکردە خوای گەورە و نزا وپاڕانەوەیان بۆ لای ئەو دەکرد .

**حەسەنی بەصری فەرموویەتی :** نەمبینی شتێك لە عیبادەتدا وەکو نویژ لە شەودا ( شەونوێژ ) بێت .

( **أبو عثمان** ) **ئەڵێت :** حەوت شەو میوان بووم لەلای ( أبو هريرة ) ڕەزای خوای لەسەر بێت ، ئەمبینی شەویان ئەکرد بەسێ بەشەوە ، خۆی وخێزانەکەی و خادمەکەی ، هەرجارەی یەکێکیان نوێژی ئەکرد ، یەکێکیان هەڵئەسا لە بەشی یەکەم نوێژی ئەکرد ، دوای ئەوە ئەویتریانی بەخەبەر ئەکرد بۆ بەشی دووەم ، دوای ئەوە ئەویتریان بۆ بەشی سێیەم .

**شەدادی کوڕی ئەنەس :** هەرکاتی بچوایەتە سەر جێگای خەوتن لەشەودا ، وەکو پاقلەیەك چۆن دەیکوڵێنی وای لێ دەهات ، دەیوت خوایە جەهەننەم نایەڵێ بخەوم هەڵئەسا بۆ شەونوێژکردن .

**لە سائبی کوڕی یزیدوە ئەڵێت :** ئیمامی ( عمر ) ڕەزای خوای لەسەر بێت ئەمری بە ( أبي ) کوڕی ( كعب ) و ( تميم الداري ) ڕەزای خوایان لەسەر بێت ئەکرد کە پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان بکەن لە مانگی

ڕەمەزاندا ، و لە سورەتە درێژەکانی قورئانیان دەخوێند تا وامان لێدەهات خۆمان ئەدا بەسەر گاڵۆکەکانماندا لە درێژی نوێژ و خوێندنی قورئانێکی زۆر لە شەونوێژدا ، تانزیکی ( فەجر ) خەریکی شەونوێژ بووین .

( عبدالرحمن ) **کوڕی** ( هرمز ) **ئەڵێت : قورئان خوێنەکان لە هەشت ڕکاتدا سورەتی بەقەرەیان خوێندووە واتە لە نوێژی تەراویحدا .**

( أبو الأشهب ) **: کە یەکێکە لە ( سەلەف ) قورئانی خەتم دەکرد لەهەر دە شەوێکدا لە نوێژی تەراویحدا .**

( ابن جوزي ) **ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت ئەڵێت : ( سەلەف ) لەحەوت پلە پێکهاتون لە شەو نوێژدا ... پلەکانی ( سەلەف ) لە شەونوێژدا :**

**پلەی یەکەم : شەویان هەمووی بە شەونوێژ بەسەر بردووە تیایاندا هەبووە بەدەست نوێژی عیشاوە نوێژی بەیانی کردووە .**

**پلەی دووەم : نیوەی شەویان بە شەونوێژ بەسەر بردووە .**

**پلەی سێیەم : لە سێیەکی شەودا هەڵساون بۆ شەونوێژ بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " خۆشەویست ترین نوێژێك لای**

خـوای گـەورە نوێـژی پێغەمبـەر داودە ﷺ تـانیوەی شـەو دەخـەوت لەسێیەکی شـەودا هەڵئەسـا بـۆ شـەونوێژ کـردن ، لـە شـەش یـەکی شەودا دەخەوتەوە .

**پلەی چوارەم :** هەستان لە شەش یەکی شەودا یان پێنج یەکی شەودا .

**پلـەی پێنجـەم :** ئەمانە پەیوەست نەبوون بە کاتەوە لە شەودا نوێـژیان دەکـرد تـا دەخـەوتن ، دوای ئـەوە ئەگـەر بـە خەبـەر بهاتایـە دەستی ئەکرد بە نوێژ کردن .

**پلەی شەشـەم :** ئەمانـەش لەشـەودا دوو ڕکـات یـان چوار ڕکاتیان کردوە .

**پلەی حەوتەم :** هەندێکیان لە نێوان هەردوو عیشا واتە ( مەغریب و عیشا ) شەونوێژیان دەکرد وە لە کۆتای شەویشدا شەونوێژیان دەکـرد بـۆ ئـەوەی سـەرەتا و کۆتـای شـەویان زینـدوو بکەنـەوە بـە نوێژکردن ، وەك : لە فەرموودەکەی صەحیحی موسلم دا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :

" بـە ڕاسـتی لـە شـەودا سـەعاتێك هەیـە بـۆ هـەر بەندەیـەكی موسـوڵمان ڕێـك بكـەوێت داوای هـەر خێرێـك لـە خـوا بكـات لـەو سەعاتەدا ئیللا پیی دەبەخشێت ئەویش لە هەموو شەوێكدا " .

**چەند هۆكارێك بۆ ئاسان كردنی شەونوێژ :**

هەنـدێك لـە زانایـان چـەند هۆكارێكیـان دیـاری كـردوە بـۆ ئاسـان كردنی شەونوێژ ئەوانیش هەندێكیان دیار و ئاشكران وە هەنـدێكیان شاراوەن :

**هۆكارە دیارەكان بریتین لە چوار شت :**

**یەكـەم :** خـواردن كـەم بخـوات و خواردنـەوە زۆر بخـوات چـونكە خـواردنی زۆر خـەوی قـورس دەكـات ئەبێتـە مایـەی لەدەسـت دانـی شەونوێژ .

**دووەم :** لە ڕۆژدا خۆی زۆر هیلاك نەكات لەو كارانەی كە پێویست نیە .

**سێیەم :** واز لە خەوتنی ڕۆژ نەهێنێت واتە ( قیلولة ) ئەویش ئەبێتە یارمەتی دەر بۆ كردنی شەونوێژ .

**چــوارەم :** لـە ڕۆژدا تـاوان نـەكات ، چـونكە تـاوان ئەبێتـە مايـەی لەدەست دانی شەونوێژ .

**هۆكارە شاراوەكان بريتين لە چوار شت :**

**يەكەم :** سەلامەتی دڵـی ئيمانـدار لـە ڕق و كينـە بەرامبـەر بـە بـرای موسوڵمان و خۆپاراستن لە بيدعە و خۆشەويستی دنيا .

**دووەم :** ترسان لە خوای گـەورە و پـەيوەست كردنـی دڵ بـە خـواوە لە گەڵ هيوا كورتی ( قصر الأمل ) بەرامبەر بە ژيانی دنيا .

**سێيەم :** زانينی گەورەيی شەونوێژ لە ئيسلامدا .

**چوارەم :** ئەمە گەورەترين هاندەرە بۆ كردنـی شـەونوێژ ئـەويش بـە خۆشەويستی خوای گەورە و بەهێز كردنی ئيمان لە كاتی شەونوێژدا وا بزانيت هـەر قسـەيەك ناكات لـە نوێژەكەيـدا ئيلا موناجاتی خـوای گەورە دەكات.

**سێيەم : حاڵی ( سەلەف ) لە بەخشـينی مـاڵ و خێركـردن لـە مـانگی ڕەمەزاندا :**

( ابن عباس ) ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی : " پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشندەترین کەس بووە وە بەخشندەیەکەی لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتردەبوو کاتێك جبريل ـ عليه السلام ـ هەموو شەوێکی ڕەمەزان دەهاتە خزمەتی و قورئانی پێ دەوت بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشندە تر بوو بەخێر لەو بایەی کە هەڵی دەکرد " .

( ابن عمر ) ڕەزای خوای لەسەر بێت ڕۆژووی ئەگرت و بەربانگی نەئەکردەوە ئیلا لەگەڵ فەقیر و هەژاراندا نەبوایە ، وە ئەگەر کەسێکیش داوای خواردنی لێ بکردایە ئەو لەسەر سفرە بوایە ئەوا خواردنەکەی پێدەدا و خۆی بەسکی برسی ڕۆژووی دەگرت .

( يونس ) ی کوڕی ( يزيد ) : ئەڵێت ( ابن شهاب ) ئەگەر مانگی ڕەمەزان بهاتایە ئەوا بەس قورئانی دەخوێند و نانی ئەدا بە خەڵکی .

( حماد ) ی کوڕی ( أبو سليمان ) ئەم پیاوە ئەگەر مانگ ڕەمەزان بهاتایە نانی پێنج سەد ڕۆژووانی ئەدا لەو مانگەدا لە دوای جەژنیش یەکی سەد لیرەی پێیان ئەبەخشی بۆ هەر یەکێکیان .

**چوارەم : پاراستنی زمان و کەم قسەکردن و دوورکەوتنەوە وخۆپاراستن لە درۆکردن لەمانگی ڕەمەزاندا :**

( أبو هريرة ) ڕەزای خوای لیّ بێت فەرمووده‌یەکمان بۆ ئەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : " هەر کەسێك واز لە قسەی درۆ نەهێنێت و بیکات ئەوا خوای گەورە هیچ پێویستی بە ڕۆژووی ئەو کەسە نیە خۆی لە خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە " .

( المهلب ) ئەڵێت : لە باسی ئەم فەرموودەیەدا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەوا ڕۆژوو تەنها خۆگرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە بەڵکو خۆگرتنەوەیشە لە قسەی خراپ و درۆکردن .

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت : " ئەگەر هاتوو کەسێك لە ئێوە بە ڕۆژوو بوو باقسەی خراپ نەکات ، ئەگەر کەسێك جوێنی پێدا یان شەڕی لەگەڵ کرد ئەوا بڵێت من بەڕۆژووم من بە ڕۆژووم .

( عمر ) ی کوڕی ( خطاب ) ڕەزای خوای لێبێت : ئەڵێت ڕۆژوو بە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە نیە بە تەنها ، بەڵکو بە خۆگرتنەوەش لە قسەی خراپ و گاڵتە کردن و سوێند خواردن بە ناهەق .

له ( طلق ) ی کوڕی ( قيس ) ئەڵێت : ( أبو ذر ) ڕەزای خوای لێبێت وتویەتی : ئەگەر ڕۆژووت گرت خۆت تا ئەتوانی بپارێزە ، ( طلق ) ئەڵێت : ئەگەر ڕەمەزان بهاتایە ( أبو ذر ) دەرنەئەچووە دەرەوە ئیلا بۆ نوێژکردن نەبێت.

( مجاهد ) ئەڵێت : دوو خەسڵەت هەیە ئەگەر خۆتت لێیان پاراست ئەوا ڕۆژووەکەت پارێزراو ئەبێت ئەویش غەیبەت و درۆکردنە .

له ( جابر ) کوڕی ( عبد الله ) ەوە ڕەزای خوای لێبێت ئەفەرمووێت: ئەگەر بە ڕۆژوو بوویت ئەوا با چاو و گوێت بە ڕۆژوو بن لە بینینی و بیستنی حەرام ، زمانتیش بە ڕۆژوو بێت لە قسەی خراپ ، وە خۆت بپارێزە لە ئازاردانی ژێر دەستەکانت کەسێکی بە زیکر و لەسەرخۆبە لەکاتی بە رۆژووبوونتدا ، وە مەهێڵە ڕۆژوو بوونەکەت وەکو ئەو ڕۆژە بێت کە بە ڕۆژوو نیت .

( أبو عالية ) ئەڵێت ڕۆژووان لە خوا پەرستیدایە مادام غەیبەت ناکات .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وەرگێڕان بە دەستکاریەوە

مامۆستا کۆسار عبدالعزیز

# ڕەمەزان و بەستنی پەیماننامەیەك لەگەڵ ماڵەوەدا

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .أَمَّا بَعْدُ ...

بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە ، گەر باوکی یان دایك گەر برای یان خوشك ئەوا بە چاوی دڵت ئەم دێڕانەی خوارەوە بخوێنەوە ، ئەمەوێ پێت بڵێم تەمەن کورتە و ڕێگای بەهەشتیش دورە و پێویستی بە تێشوویەکی زۆر هەیە ، مانگی ڕەمەزانیش باشترین دەرفەتە بۆ پاشکەوت کردنی تێشویەکی پێویست بۆ سەفەری قیامەت ، موسوڵمانی بەڕێز وەك چۆن بۆ سەرکەوتنت لە هەرکارێکی ڕۆژانە پێویستیت بە بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە ، ئەوا مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیش هیچ لەکارەکانی ڕۆژانەت کەمتر نیە و بۆ قبوڵ بوون و بەباشی ئەنجامدانی پێویستی بە پرۆگرام و بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە ، ئەمەی کە دێینە سەری بریتی یە لەچەند هەنگاو و بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ بەباشی بەڕێکردنی مانگی ڕەمەزان ، بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێیان خۆشە ،

ئەویش لەڕێگەی بەستنی پەیماننامەیەك لەگەڵماڵەوە کە بریتی یە لە (١٣) بەند و بەم پێیەی خوارەوە :

**بەندی یەکەم : هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن ـ ڕادیۆ )** : گومانی تێدا نیە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ڕۆڵەکانمان بەهەردوو دیوی چاك و خراپەوە ، بۆیە تۆی موسوڵمان لەسەرتە لەمانگی ڕەمەزاندا پەیماننامەیەك لەگەڵ ماڵەوەتان ببەستی بەمەبەستی دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی سەتەلایت و ڕادیۆی ماڵەوە ، چونکە وەك ئاشکرایە تا دوو کەناڵی قورئان و موحازەراتی ئاینی ئەبینی دەیان کەناڵی گۆرانی و زنجیرە فلیمی تەلەفزیۆنی خراپ و بەرنامەی ڕادیۆیی خراپت گوێ لێ ئەبێ ، کە هەردەم و بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا هۆکارن بۆ لەڕێگا دەرچوونی ڕۆڵەکانمان ، بەداخەوە خەڵکێکی زۆر ئەڵێن زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان پەند و عیبرەتی تیایە بۆمان !!! ئەی بۆچی پەند و عیبرەت لە قورئان خوێندن و گوێگرتن لە موحازەرات وەرناگرن ؟!! یان ئەڵێن ڕۆژێك تا ئێوارە بەچی بەسەر بەرین ؟! بە قورئان خوێندن و زیکر کردن بەسەری ببە ، ئەم پەیمان نامەیەش سەرەتایەکە بۆ زیاتر ناساندنی ماڵەوەتان بەئیسلام و ڕێگای ڕاست ، ناسین ئەم کارەش بەگفتوگۆ و وتەی جوان و بە نەرمونیانی ئەنجام ئەدرێ ، مانگی ڕەمەزانیش دەرفەتێکی باشە

بۆ سەرگرتنی ئەم پەیمانە ، چونکە لەم مانگەدا شەیتانەکان زنجیر دەکرێن ، هەروەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " إذَا جَاءَ رَمَضَان فُتِحَ أبْوابُ الجَنَّة [١] ، وغُلِقَت أبوابُ النِّيران ، وَصُفِدَتِ الشَّيطان " [٢] .واتە : کە مانگی ڕەمەزان بەسەردا دێت دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخیش دادەخرێن ، و شەیتانەکان زنجیر دەکرێن .

هەموو ئەوانەش لە شەوی یەکەمی ئەم مانگە پیرۆزە دەبێت ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " إذَا كانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضان ، صُفِّدَتِ الشَّيَطان وَمَرَدَةُ الجِنِّ ، وَغُلِقَت أبوابُ النَّارِ فَلَمْ يُفتَح مِنْها بَابٌ ، وَفُتِحَت أبوابُ الجَنَّةِ فَلَمْ يُغلَق مِنْهَا بَابٌ ، وَيُنَادي مُنادٍ يَا بَاغِيَ الخَيْرِ أَقْبِلْ ويَا بَاغِيَ الشَّرِ أَقْصِرْ ، وَللهِ عُتَقاءٌ مِن النَّارِ و ذلِكَ كُلَّ لَيْلَة " [٣] .

واتە : کە ڕۆژی یەکەم بەسەردا دێت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، شەیتانەکان و یاخی بوو ( **مَرَدَة** ) ە کانی جنۆکە زنجیر دەکرێن و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە ، وە دەرگاکانی بەهەشتیش

---

[١] في رواية لمُسلم : " فتحت أبواب الرحمة " .

[٢] أخرجه البخاري : (٤/٩٧) رقم : (١٨٩٨) و (١٨٩٩) و (٣٢٧٧) ، ومسلم رقم : ( ١٠٧٩ ) .

[٣] أخرجه الترمذي رقم : ( ٦٨٢ ) ، و ابن خزيمة : ( ٣ / ١٨٨ ) من طريق أبي بكر بن عياش عن الأعمش عن أبي هريرة ، و هذا إسناد حسن .

دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکیان داناخرێت ، وە بانگەوازکارێك بانگ دەکات : ئەی ئەو کەسەی چاکەت دەوێت چاکە بکە ، وە ئەی ئەو کەسەی خراپەت دەوێت واز بێنە ، خوای پەروەردگاریش هەموو شەوێك لەشەوەکانی ئەم مانگە پیرۆزە چەندەها کەس ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ .

وە هەروەك چۆن پێشین لەمانگی ڕەمەزاندا دیوەخانی دەمەتەقێیان بەجێ ئەهێشت ، و ڕویان ئەکردە دیوەخانی قورئان خوێندن و زیکر کردنی پەروەردگار ، تۆش دیوەخانی سەتەلایت و ڕادیۆ و گۆڤارەکان بەجێبهێڵە بۆ دیوەخانی زیکری پەروەردگار و کاری چاکە . دڵنیاش بە لەمانگی ڕەمەزاندا نەتوانی ئەم هەنگاوە بنێی ناتوانی لەمانگەکانی تردا سەرکەتوو بیت لەئەنجام دانی .

دەتۆش بەدڵێکی پاکەوە و بەپشت بەستن بە پەروەردگارت بەم کارەهەستە بەڵکو ببێتە سەرەتایەك بۆ مانگەکانی دوای ڕەمەزانیش ماڵەوەتان بەیەکجاری واز لەم ئامێرە ماڵ وێرانکەرانە بهێنن .

**بەندی دووەم : ( مسجل ـ ڤیدیۆ سیدی ـ DVD )** : لەبەندی دووەمی پەیمان نامەکە هەوڵ بدە هەرچی کاسێت و سیدی گۆرانی و فلیم و ئاهەنگتان لە ماڵەوە هەیە هەڵی بگرە ، چونکە ڕەمەزان و ئەم جۆرە سیدیانە بەیەکەوە

ناگونجێن . وە بۆ هەر ڕۆژێك بەرنامەیەكی گونجاو دابنێ كە ڕۆژانە سیدی و كاسێتی قورئان و موحازەراتی بەسود سەبارەت بەڕەمەزان و تەوبەكردن و نوێژ و ... هتد ، بهێنەوە بۆ ماڵەوە ، ئەمەش بكەرە سەرەتایەك بۆ ماڵ ئاوایی كردن لەگۆرانی و كاسیت و سیدی بێ سود ، بۆ دروست كردنی هاوڕێیەتیەكی هەتاهەتایی لەگەڵ بەرنامەی ئاینی و قورئان و موحازەرات .

**بەندی سێیەم : ( كتێب و گۆڤارە بێ سودەكان )** : پێویستە لەبەندی سێیەمی پەیمان نامەكە هەرچی كتێبی بێ سوودی وەكو شیعر و ڕۆمان و گۆڤاری مۆدە و .... هتد ، لەناو بەریت و لەجێگاكانیان كتێب و گۆڤار و نامیلكەی بەسوود دابنێی ، باشترین كتێبیش بۆ مانگی ڕەمەزان قورئانە . جا بەگوێگرتن بێت یان بە خوێندنەوە هەر سوودی خۆی هەیە ، ڕەنگە یەكێك بپرسێ ئەی ئەوانەی خوێندەواریان نیە چی بكەن ؟ وەڵامەكەی زۆرئاسانە با بۆخۆیان تەسبیحات و زیكری خوا بكەن ، یان بۆ سەركەوتنی ئەم كارە و بەشداری كردنی هەموو ئەندامانی خێزان بەخوێندەوار و نەخوێندەوار ئەوا كام لەئەندامانی خێزان لەقورئان خوێندن لەهەمووی باشتر بوو ئەوا با ببێتە مامۆستایەك بۆ ئەوانی تر ، و ڕۆژانە كاتێكی دیاری كراو دابنێ بۆ خوێندنەوەی قورئان و ئەوانی تریش بەدوایدا بیلێنەوە ، بەم كارەش سەرقاڵیان ئەكەیت بەكردەوەیەكی چاك كە قورئان خوێندنە ، هەروەها

دوریشیان ئەخەیتەوە لەکات بەفیڕۆدان و خۆخەریك کردن بە کاری لاوەکی و بێ نرخ و زۆرجار حەرام ، بۆیە لەجیاتی ڕۆژ تائێوارە خەوتن !! یان تائێوارە پیاسەکردنی سەرجادەکان ، و ناو بازاڕ !!! ئەوا لەدوای نوێژی عەسر ڕاستەوخۆ لەمزگەوتەوە بگەڕێوەماڵەوە بۆ وانەی قورئان خوێندنی ماڵەوەتان ، و بەوکارەت ماڵەکەت ئاوەدان بکەرەوە ، ئەمەش بکەرە سەرەتایەك بۆ ئەوەی لەدوای ڕەمەزانیش درێژە بکێشێت .

لەو کتێب و نامیلکە بە سوودانەی کە ئامۆژگاری تۆی بەڕێزی پێ بکەین ، کە بیانکڕیت ، و بیانکەیتە جێگری ئەو هەموو کتێب و گۆڤارە خراپانەی کە لە ناوت داون ، یان بڕیاری لە ناودانیانت داوە ، ئەمانەن :

١ / **خوا پەرستی نەك شەخص پەرستی** ، لە نووسینی : مامۆستا **عبداللطیف أحمد** .

٢ / **بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەکانی** ، نووسینی : پێشەوا ( **عبدالعزیز بن باز** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **خلیل أحمد** .

٣ / **لا إله إلا الله ، واتاکەی ، پلەوپایەی ، فەزڵ و گەورەیی ، و شوێنەواری لە تاك و کۆمەڵدا** ، لە نووسینی : پێشەوا ( **صالح بن عبدالله الفوزان** ) و وەرگێڕنی : مامۆستا : **صلاح الدین عبدالکریم** .

٤ / **بیروباوەڕت وەرگرە لە قورئان و سوننەتەوە** ، لە نوسینی : شێخ ( **محمد جمیل زینو** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **محمد عبدالرحمن** .

٥ / **بیرو باوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە** ، لە نووسینی : پێشەوا : ( **محمد بن صالح العثیمین** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **صلاح الدین عبدالكریم** .

٦ / **چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەری خوا لە ڕەمەزاندا** ﷺ ، وەرگێڕانی : مامۆستا **عدنان بارام** .

٧ / **چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوا** ﷺ لە نوسینی پێشەوا ( **محمد ناصر الدین الألباني** ) ، و وەرگێڕانی : مامۆستا **عدنان بارام** .

٨ / زنجیرەكانی گوڵی كۆمەڵگا : كە هەمووی لە نوسینی : ( **باوكی فریشتە** ) ن .

٩ / زنجیرەكانی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا ، كە هەمووی لە نوسینی : ( مامۆستا **محمد عبدالرحمن** ) ن .

١٠ / **بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوای هەبێت** ، لە نوسینی : ( **أبو مسلم مجدي بن عبدالوهاب** ) ، و وەرگێڕانی : **دایكی سوننە**.

١١ / هەموو ژمارەکانی **گۆڤاری ڕێگەی ڕاست** کە گۆڤارێکی وەرزی ئاایینی یە کۆمەڵە مامۆستایەکی ئاینی دەری دەکەن ، هەموو بوارە شەرعیەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە .

**بەندی چوارەم : دانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە** : ئەگەر تەماشای سەر سفرە و خوانی ئیواران و پارشێوانی هەر ماڵێك بکەین لەمانگی ڕەمەزان وامان لێ دەکات بپرسین : خوشکی موسوڵمان ئەم هەموو خۆماندوکردنەت لەپای چی ؟ وەك بڵێی مانگێك نان نەخورابێ هەموو جۆرە خۆراکێك ئامادە دەکرێت ئایە مەرجە ئێواران هەموو خواردنێك لێ بنرێت ؟! نەخێر بۆیە پێویستە خشتەیەکی ڕۆژانەت هەبێ بۆ چێشت لێنان ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :

١ ـ هەمە چەشنە خواردن لێنان ئیسرافە و ماڵ بە فیڕۆدانە ، چونکە خەڵکانێك هەن نانی ئێوارەیان نیە هیچ نەبێ هەندێکی دانێ بۆ ئەو خێزانە دەست کورتانە .

٢ ـ پارەیەکی زیاترت بەدەستەوە ئەمێنێ و دەتوانی یارمەتی خەڵکی هەژاری پێبدەی لەمانگی ڕەمەزان .

٣ ـ بەدانانی خشتەیەك بۆ خواردنی ڕۆژانە كاتێكی كەمت بەفیڕۆ ئەچێ و كاتێكی زۆریشت بۆ خوا پەرەستی و قورئان خوێندن بۆ ئەمێنێتەوە ، چونكە ئـەركی تـۆی ئـافرەت لـە ڕەمەزانـدا تـەنها چێشـت لێنـان نیـە . بـەڵكو پەرستنیشت لەسەرە پێم وابێ خۆسەرقاڵ كـردنیش بەچەشـنەكانی خـواردن كاتەكانی پەرەستنت لەدەست دەر ئەكا ، و لەماندو بون زیاتر هیچی ترت بۆ نامێنێتـەوە ، بۆیـە دانـانی خشـتەیەكی ڕۆژانـە لەبەندیخانـەی چێشـت لێنـان ڕزگـارت دەكـا و هـەم خزمـەتی ماڵـەوە ئەكـەیت بـە چێشـت لێنـان و هـەم پەروەردگاریش لەخۆت ڕازی ئەكەیت بە پەرەستن .

**بەندی پێنجەم : دانانی زنجیرە وانەیەك بـۆ لەبـەر كردنـی قورئـان و فەرموودە :** زۆرجار باوك و براكان لەدوای نوێژی عەسـر لەمزگـەوت سـەرقاڵی خوێندنەوەی قورئانن ، گومانی تیا نیە كە كارێكی باش ئەكەن ، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسی كچەكانت یان خوشكەكانت سەرقاڵی چین ؟ ڕەنگە وەڵامی پـێ نەبێ ڕەنگە نەزانێ ڕەنگە سەرقاڵی خەوتن یان زنجیرە تەلەفزیۆنی و گۆرانی بن !! بەپێی ئەم بەندە دەتوانیت ئەندامانی ماڵەوە لەڕێگـەی خوێندنـەوەی قورئان و فەرموودە و گوێ گرتن لێیان یارمەتیان بدەی بۆ لەبـەركردنی ، بـۆ نمونە هەموو ڕۆژێكی مانگی ڕەمەزان لەپاش نوێژی عەسر بگەڕێوە ماڵەوە بۆ هەر ڕۆژێك فەرموودەیەك بەماناكەیەوە بەماڵەوە لەبەر بكە ، لەماوەی مـانگی

ڕەمەزانی دەکاتە (٣٠) فەرمووده ، هەروەها ڕۆژی (٥) ئایەتیان بدەرێ لەبەر ی بکەن ، تا ڕا دێن لەسەر ئەوەی لەدوای ڕەمەزانیش بەردەوام بن لەسەری ، بەمەش چەن دەسکەوتێکی باش فەراهەم دەکەیت لەوانە :

١ ـ ئەندامانی خێزانەکەت لەکاری لاوەکی ڕۆژانە دور ئەخەیتەوە ، و بەکارێکی گونجاو ، و پڕ لەچاکە ئاشنایان ئەکەیت .

٢ ـ کچ و خوشکەکانت لە سەرقاڵ بوون بەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکان ڕزگار ئەکەیت ، کە تەنها بەرەو گومڕابوون دەیانبات .

٣ ـ ماڵەوە ئاوەدان ئەکەیتەوە بە کەشێکی پڕ لەباوەڕی جوان و ڕاست .

٤ ـ پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان پتەو تر ئەکەیت ، چونکە ڕۆژانە و بۆ ماوەی مانگێك کارێکی پڕ لە خێر و چاکە کۆتان ئەکاتەوە .

٥ ـ دەبیتە هۆکارێك بۆ ڕاهاتنی ئەندامانی ماڵەوەتان ، بۆ ڕاهاتن لەسەر ئەم بەرنامەیە و بەردەوام بوون لەسەری لەپاش ڕەمەزان .

## بەندی شەشەم : ڕاهێنانی منالان لەسەر نوێژ کردن و ڕۆژوگرتن :

بەداخەوە کاتێك لەدایك و باوکێك ئەپرسین بۆچی منالەکەت قسەی خراپ بەدەمیا دێت ؟ ئەڵێ قەیناکا هێشتا منالە ! ! وە کاتێکیش لێی ئەپرسین بۆ منالەکەت نوێژ ناکات ؟ هەمان وەلام ئەداتەوە هێشتا منالە ! ! لەکاتێکدا

منداڵی باشترین دەرفەتە بۆ ڕاهێنان لەسەر هەرکارێك ، ئەمە قسەی من نیە ، بەڵکو قسەی گەورە زانایانی بواری دەرون ناسی یە ، کە ئەڵێن منداڵ وەك پەڕەیەکی سپی وایە چیت بوێ لەسەری دەنوسی ، دەتۆش ئەی باوکی بەڕێز ئەی دایکی شیرین ئەی برای موسوڵمان ئەی خوشکی بەحشمەت منداڵەکانی ماڵەوەتان پەڕەیەکی سپین بە نوێژکردن و چاکەکاری پڕیان بکەنەوە ، بە ڕاهاتن لەسەر ڕۆژوو گرتن پڕیان بکەنەوە ، دڵنیاش بە ئەو کەسەی بەمنداڵی مزگەوت بناسێ زوتر ئاشنایەتی لەگەڵ نوێژ پەیدا ئەکات ، ئەو کەسەی بەمنداڵی ڕۆژو بگرێ با لەمانگێکیشدا (١٠) ڕۆژ بێت ئەوا لە گەورەییدا بەتوانا ترە لەوانەی بەمنداڵی ڕانەهێنراون لەسەر ڕۆژو گرتن ، لەم بەندەدا ئەرکی گەورەکانە منداڵەکان بە مزگەوت و نوێژ کردن ئاشنا بکەن ، ئەرکی گەورەکانە منداڵەکان لەسەر ڕۆژوو گرتن ڕابهێنن ، بۆ ئەوەی لەگەورەیی دا بەڕەمەزان نامۆ نەبن ، بۆیە ئەم قسانە ئەڵێم چونکە زۆرم بینی لەگەورەییدا بەنوێژ و ڕۆژوو نامۆ بوون ، چونکە بەمندالی لەسەری ڕانەهاتبوون ، ڕاهێنانی منالی ڕێگای سەرەتایە بۆ خۆشویستن لەگەورەیی ، بۆیە سەبارەت بە منالان پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " مروا أولادكم

بالصلاة وهم أبناء سبع سنين ، واضربوهم عليها وهم أبناء عشر ، وفرقوا بينهم في المضاجع " (٤)

واتە : فەرمان بە منداڵەکانتان بە ئەنجامدانی نوێژ لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ، وە لە دەیەم ساڵی تەمەنیان لێیان بدەن ئەگەر نوێژیان ئەنجام نەدا ، و لە یەکیشیان جیابکەنەوە لە جێگەی خەوتنیاندا .

هەروەها سەبارەت بە ڕۆژوش ( ربيع ) ی کچی ( معوذ ) سەبارەت بە ڕۆژووی ( عاشوراء ) فەرموویەتی : " كنا نصومه بعد ، ونصومه صبياننا ونجعل لهم اللعبة من العهن . أي من القطن . فإذا بكى أحدهم على الطعام أعطيناه ذلك . أي اللعبة . حتى يكون عند الافطار " .

واتە : ئێمە ڕۆژووی مانگی عاشورامان دەگرت ، بە منداڵەکانیشمان دەگرت ، شتومەکی یاریکردنمان بۆ دروست دەکرد لە لۆکە ، جا ئەگەر یەکێکیان بگریایە ، ئەو شتومەکەی یاریکردنمان پێ دەدان ، تاکو نزیک بەربانگ دەبووینەوە .

---

(٤) صححه العلامة الألباني في سنن أبي داود : ٤٩٥ ، وفي صحيح جامع الصغير : ٥٨٤٨ .

بۆیە تۆش دەتوانی بۆ کات بەسەر بردنیان و سەرقاڵ کردنیان و دورخستنەوەیان لە بیرکردنەوە لە برسیێتی ، ئەوا چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکی مناڵانیان بۆ بخوێنیتەوە .

هەروەها ئەتوانیت دیاریەك بدەیتە ئەو مناڵەی زۆرترین ڕۆژ لەڕەمەزان بەڕۆژوو دەبێت .

**بەندی حەوتەم : نوێژی تەراویح :** لەمانگی ڕەمەزاندا زۆربەی کوڕان و باوکان ئەوەندە ئەخۆن توانای ئەوەیان نامێنێ بچن بۆ مزگەوت ، و نوێژەکانیان لەماڵەوە ئەکەن ، و تەراویحەکەشیان لەدەست ئەچێ ، **بەمەش** ( ٢ ) **خێری گەورەیان لە دەست ئەچێت :**

یەکەمیان / نوێژی عیشا بەجەماعەت کە خێری (٢٧) نوێژی تاکی هەیە.

دووەمیان / نوێژی تەراویح کە هەرکەسێ بە جەماعەت ئەنجامی بدا وەکو ئەوە وایە .

خوشکان و دایکانیش لەئەنجامی ئەو هەموو خواردنە لێیان ناوە ماندون لەپاش هەڵگرتنی سفرەی نان یان بەرەو لای سەتەلایتەکە تاو ئەدەن !! یان بەرەو خەوتن !!! بەپێی ئەم بەندە پێویستە باوك و براکان نوێژەکانیان لەمزگەوت بکەن و بیکەنە سەرەتایەك بۆ دوای ڕەمەزانیش بەردەوام بن

لەسەری ، هەروەها ماڵەوەش ئاگەداربکەنەوە ئەگەر زۆر بن لەناوخۆیاندا کچان و دایکیان نوێژی تەروایح بکەن ، گەر زۆریش نەبون ئەوا با هەر شەوێك و لەماڵە دراوسێ یەکدا کۆ ببنەوە ، و نوێژی تەراویح ئەنجام بدەن بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی خێزان لە خۆشبەختی ئەژین ، و دەچنە ڕیزی ئەو کەسانە کە پەروەردگار ئەیانپارێزێ . پێم وابێ ئەگەر خوشکان و دایکان شەوی نیو سەعات لەمانگی ڕەمەزان بۆ پەروەردگار تەرخان بکەن لێیان کەم نابێتەوە ، و لەوەش باشترە بەدیار زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانەوە چاوی خۆیان ئازار بدەن ، و کاتی خۆیان بە فیڕۆ بدەن .

**بەندی هەشتەم : کرینی شت و مەك و پێوستی یەکانی جەژن** : دە (١٠)

ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان کە لەو ڕۆژانەیە گەورەترین خێری تیایە کە شەوی قەدرە چی ڕوو ئەدات ؟ زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی دایکان و باوکان لەم دە (١٠) ڕۆژەدا کاتەکانیان هەروا بەفیڕۆ ئەچێ ، بەڕۆیشتن بۆ لای بەرگ دوور ، و جارێکیش بە ڕۆیشتن بۆ ناو جەرگەی بازاڕ و کەمالیاتەکان ، ئەمە جگە لەوەی کە سەرقاڵی کرینی خواردەمەنی جەژن ئەبن ، **بەمانەش لە چەند ڕویەکەوە زەرەرمەند ئەبن :**

١ ـ بەڕۆژوون و دەچنە بازاڕێکی تێکەڵ لە ژن و پیاو وە توشی نەزەر ئەبن ، کە ئەمەش تاوانە و ڕۆژوەوان ئەبێ خۆی لێ بپارێزێ .

٢ ـ کاتێکی زۆر بەفیڕۆ ئەدەن ، و ئێوارەش بەماندویی ئەگەڕێنەوە ، بەم شێوەیەش توانای ئەوەیان نامێنی شەوانی قەدر زیندوبکەنەوە و بگرن ، و ئەو خێرە گەورەیەیان لەدەست ئەچێ کە لە ساڵێکدا یەك جار ڕوو ئەدات .

بۆیە باش وایە بەر لە مانگی ڕەمەزان بەچەن ڕۆژێك پێویستیەکانی جەژن بکڕیت چونکە بازاڕ هەرزانترە و کەم تریش قەرەباڵەغە ، و ئەو کاتانەش بەفیڕۆی ئەدەی دەتوانی لە (١٠) ڕۆژی کۆتایی بە کردەوەی چاك بەسەری ببەی ، و شەوەکەیشی ماندو نیت دەتوانی شەوی قەدر بەڕێك و پێکی زیندو بکەیتەوە بە خوا پەرستی .

**بەندی نۆیەم : بانگکردن و داوەتکردنی خزم و خێش بۆ بەربانگ کردن لە گەڵیاندا :** دەتوانرێت لەم مانگەدا ئەندامانی خێزان پێکەوە کۆ ببنەوە و پێکەوە ڕۆژوەکەیان بشکێنن و چەن کەس و کارێك و هاوڕێی خۆیان بانگ بکەن بۆ ماڵ ، یان چەن ڕۆژ جارێك دراوسێکانیان بانگ بکەن لەگەڵیان ڕۆژوو بشکێنن بۆ ئەوەی بەیەك ڕۆژ پاداشتی دو ڕۆژی ڕەمەزانیان دەست بکەوێت چوکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " من فطر صائما کان لە مثل أجره

غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء " ( صحيح الترغيب و الترهيب : ١٠٧٨ ) .

واته : هەر کەسێ خواردن بدات بە ڕۆژووانێك لە کاتی بەربانگ دا ، وەکو پاداشتی ئەو ڕۆژووانەی دەست دەکەوێت بێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووانەکەی کەم بێتەوە .

**بەندی دەیەم : ماڵ و سامان بەخشین :** سەبارەت بە گەورەیی صەدەقە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " الصدقة تطفيء الخطيئة كما يطفيء الماء النار " ( صححه الألباني في تخريج مشكلة الفقر : ١١٧ ) واتە : صەدەقە ئاگری تاوان ئەکوژێنێتەوە هەروەك چۆن ئاو ئاگر ئەکوژێنێتەوە .

گرنگی ماڵ و سامان بەخشینیش لەوە دایە کە خێرێکی ئێجگار زۆری تیایە و پاداشتێکی گەورەی بەدواوەیە بۆ موسوڵمانان وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾﴾ ( البقره : ٢٦١ ) .واتە : وێنەی ئەوانەی ماڵی خۆیان ئەبەخشن لەڕێی خوا وەك دەنکێك تۆو وایە ڕوابێت و حەوت گوڵی گرتبێت لەهەر

گوڵێکدا سەد دانەی تێدا بێت وە خوا لەمەش زیاتری ئەکات بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت وە خوا خاوەن بەهرەی فراوانی ئاگەدارە .

**بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆر صەدەقە هەیە :**

یەکەم / ڕۆژانە : واتە هەموو ئێوارەیەك بڕێك خواردن یان جل و بەرگ یان پارە ببەخشینە هەژاران بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانین منداڵەکانمان ڕابهێنین لەسەر یارمەتیانمان بەناردنیان بۆ ماڵە هەژارەکان بەم شێوەیەش ڕۆحی هاوکاری و بەزەیی لەناخیان ئەچێنین .

دووەم / گەورەکانی ماڵ ئەتوانن پلانێك دابڕێژن بەتایبەتی ئەوانەی مووچەیان هەیە یان کارێکی باشیان هەیە بە دەست پێکردنی جمعیەیەك لەنێوان خۆیان ئەگەر پێنج کەسیش بن هەر یەکی ڕۆژانە هەزاردینار پاشەکەوت بکەن لە ماوەی (٢٥) ڕۆژ ئەکاتە پارەیەکی زۆر ئەتوانن ماڵێکی هەژاری پێ پۆشتە بکەنەوە بە (١٠) ڕۆژ بێش جەژنی ڕمەزان بەمەش هەموو ئەندامانی خێزان بەشدار ئەبن لەو خێرە گەورەیە .

ئامۆژگاریشم ئەوەیە صەدەقەکردنەکە بە نهێنی بو بێت ، چونکە خێری زۆر ترە و چاکترە ، چونکە سەبارەت بەو حەوت کەسەی لە قیامەت دا لە سێبەری عەرشی پەروەردگار دەبن پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " ورجل

تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه " ( متفق عليه ) .واتـه:
وە کەسشێك خێر و بەخششێك بکات و بیشارێتەوە بـە شێوەیەك چەپەی
نازانێ ڕاستەی چی بەخشیوە .

**بەندی یانزەیەم : زیندووکردنەوە سوننەتی بەکارهێنانی سیواك :** باش
وایە ئەم مانگە پیرۆزە بکرێتە هەلێك گەورەکان دەستەیەك سیواك بکڕن بۆ
ئەندامانی خێزان و ڕایان بهێنن لەسەر سیواك کردن چونکە پێغەمبەری خوا
ﷺ فەرموویەتی : " لولا أن اشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة "
( متفق عليه ) .

واتە : ئەگەر بهاتبایە و لەسەر ئوممەتەکەم ناڕەحەت و قورس نەبوایە ،
ئەوا فەرمانم پێ دەکردن لە کاتی هەموو دەستنوێژێك دا سیواك بکەن .

ئەمەش هەلێکی باشە بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی خێزان لەسەر زیندو
کردنەوەی ئەم سوننەتە

**بەندی دووانزەیەم : ئەنجامدان و هاندانی خێزان بۆ پارشێو :**
بەداخەوە هەندێ کەس هەڵناسن بۆ پارشێو کردن تەنانەت هەندێ دایك
بەبیانوی ئەوەی لەدڵی نایەت منداڵەکانی هەڵناسێنێ بەمەش هاوکاری ئەکات
لەسەر تاوانێك کە فەوتاندنی نوێژی بەیانی یە بۆیە هیچ نەبێ ئەگەر بۆ

خواردنەوەی تەنها پەرداخێك ئاویش بێت منالەکانتان هەڵسێنن چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی پارشێوەوە فەرموویەتی : " تسحروا فإن في السحور بركة " ( متفق عليه ) . واتە : پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەتی تیایە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " فإن الله ، و ملائكته يصلون على المتسحرين " ( أخرجه ابن أبي شيبة : ٣ / ٨ ، وأحمد : ٣/١٢ ) .

واتە : پەروەردگار و فریشتەکانی صەلاوات ئدەن لەسەر ئەو کەسانەی پارشێو ئەکەن ، باشترین کاریش ئەوەیە ئەندامانی خێزان هەموویان پێکەوە کۆ ببنەوە لەسەر پارشێو کردن بەکۆمەڵ .

**بەندی سیانزەیەم : زیندووکردنەوەی ليله القدر :** لەبەر ئەوەی شەوی قدر پاداشتێکی بێ سنوری هەیە پێویست ئەکات ئەندامانی خێزان بەسەرپەرشتی باوك یان گەورەی ماڵ کۆببنەوە بۆ زندو کردنەوەی ئەم شەوە پیرۆزە چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ۝٣﴾ ( القدر : ٣ ) .واتە : شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە کە شەوی قەدریان تیا نەبێ .

پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: " ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " ( متفق عليه ) .. واتە : هەرکەسێك شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، ئەوا خوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆش ئەبێت .

بەهەمان شێوەش خۆشکان و دایکانیش ئەتوانن لەگەڵ ماڵ یان لەگەڵ ماڵە دراوسێ یان خزمان کۆببنەوە ، بەم شێوەیە ئەتوانن پاداشتێکی گەورەیان دەست بکەوێ و ئەندامانی خێزان و خزمانیش لەسەر خوا پەرەستی کۆ ئەکەنەوە .

بەم شێوەیە دەگەینە کۆتایی پەیمان نامەکەی مانگی ڕەمەزان کە بریتیە لە (١٣) بەند بەڕێك کەوتن لە گەڵ ئەندامانی خێزان ، و بە ئەنجامدانی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ، دڵنیام خۆشبەختی لەنێو ئەو خێزانە دروست دەکا ، و زیاتر لەیەکتر نزیکیان ئەکاتەوە ، هیوادارم هەر یەك لە ئێمە بتوانین وەك خۆی ئەنجامی بدەین ، داواکاریشم لە خوای پەروەردگار یارمەتی من و ئەو کەسانەش بدات کە هەوڵی بەستنی ئەم پەیمان نامەیە ئەدەن لەگەڵ ماڵەوە.

تەنها خوای پەروەردگاریشە پشت و پەنای هەموان .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# هەندێك لە حوكمەكانی هەردوو جەژن

# لە گەڵ ئەو بیدعە و هەڵە و خراپەكاریانەی كە تیایاندا ئەنجام دەدرێن

إنَ الحمد لله نحمده و نستعينه و نستغفره، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا و من سيِئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضلَ له ، و من يضلل الله فلا هادي له ، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له أشهد أنَ محمدا عبده و رسوله.

أمَا بعد:

**لە ئایینی ئیسلامدا تەنها دوو جەژن بۆ مسوڵملنان هەیە ئەویش جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربانە، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا چەندین ڕۆژ كراوە بە جەژن كە هیچ بەڵگەیەكی لە سەر نیە و هیچ بنەمایەكی لە ئایینی ئیسلامدا نیە ، بەڵكو ئەو جەژنانە پێچەوانەی بنەماكانی ئایینی ئیسلامن و زۆر تاوان و خراپەكاریان تێدا ئەنجام دەدرێن، لەو جەژنانەش:**

**(جەژنی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا ﷺ،شەوی میعراج ، شەوی نیوەی شەعبان ، جەژنی لەدایك بوونی هەندێك لە پیاوچاكان**

، جەژنی چوونە سەر دەسەڵاتی پادشاکان ، جەژنی نەورۆز ، جەژنی سەربەخۆیی وڵات.... هتد) .

به داخەوە خەڵکی ئەوەندە گرنگی بەو جەژنە ناشەرعیانە دەدەن نیو ئەوەندە گرنگی بە دووجەژنە شەرعیەکە نادەن کە دروستکەری ئاسمان و زەوی بۆی داناون ، وە ئەوەندە خراپەکاری لەو دوو جەژنە جەرعیەشدا دەکرێت کە هەر ڕەحمی خوایە (تبارك و تعالی) سزامان نادات ، بۆیە ئێمەش بە باشمان زانی نامیلکەیەك ئامادە بکەین دەربارەی حوکمەکانی هەردووجەژنەنەکە لەگەڵ ئەو هەڵە و بیدعە و خراپەکاریانەی کەتیایاندا ئەنجام دەدرێن.

لە خوای گەورە داواکارین ئەم خزمەتە بچوکەمان لێ وەربگرێت و یارمەتی خوێنەران بدات بۆ کارپێکردنی ئەوەی کە دەیخوێننەوە.

و صلی الله علی نبینا محمد و علی اله و صحبه و سلِم

==================================

## حوکمەکانی هەردوو جەژن

### جەژن (العيد)

(ابن العابدين) دەڵێ: (( جەژن بۆیە ناونراوە بە (عيد) چونکە خوای گەورە جۆرەها چاکەی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەندەکانی لە هەر ڕۆژێك لەو ڕۆژانەدا ( واتە ڕۆژانی جەژن ) ، لەوانە خواردن لە پاش خۆگرتنەوە لێی و سەرفترە و تەواوبوونی حەج و سووڕانەوەی سەردان (طواف الزِيارة) و گۆشتی قوربانی و شتی تر چونکە عادەت لەمانە خۆشی و بەختەوەری بەخشینە )) ( حاشية ابن العابدين : ٢ / ١٦٥ ) .

### خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوە لە ڕۆژی جەژندا

( ابن حجر ) دەفەرموێت : " ( ابن أبي الدنيا ) و ( بيهقي ) بە سەنەدێکی ( صحيح) بۆمان دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لە ناو جل و بەرگەکانیدا باشترینیانی لەبەردەکرد لە جەژنەکاندا " ( فتح الباري : ٢ / ٤٣٩ ) .

( ابن القيم ) لە ( زاد المعاد ) ( ١/٤٤١ ) دەفەرموێت : (( پێغەمبەر ـ ﷺ ـ بۆ دەرچوون بۆ هەردوو جەژنەکان لە جوانترین جل و

بەرگەکانی لەبەردەکرد و پۆشاکێکی هەبوو بۆ هەردوو جەژن و هەینی لەبەری دەکرد، جارێکیان دوو پۆشاکی ( صوفی ) سەوزی لەبەرکرد وە جارێکی تریش جلێکی سووری لەبەرکرد )) .

## ڕۆیشتن و گەڕانەوە لە نوێژگە ( المصلَى )

( أبي سعيد الخدري ) ( رضي الله عنه ) فەرموویەتی: " پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - جەژنی ڕەمەزان و قوربان دەردەچوو بۆ (مصلی) یەکەم شت دەستی پێدەکرد نوێژ بوو " ( البخاري : ٩٥٦ ) . ( جابری کوڕی عبدالله ) فەرموویەتی: " پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەگەر ڕۆژی جەژن بوایە ڕێگاکەی دەگۆڕی " ( البخاري : ٩٨٦ ) . . واتە: لە ڕێگایەکەوە دەڕۆیشت و لە ڕێگایەکی ترەوە دەهاتەوە.

زانای پایە بەرز ( ابن القیم ) دەفەرموێت : (( پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە جەژنی ڕەمەزاندا لە ڕێگایەکەوە دەڕۆیشت و لە ڕێگایەکی ترەوە دەهاتەوە ، وتراوە: بۆئەوەی سەلام لە خەڵکی هەردوو ڕێگاکە بکات، وە وتراوە : بۆ ئەوەی هەر کەسێکت پێویستی پێی هەبوو پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ بکات ،وە وتراوە : کە ئەمە ڕاستترینیانە لە بەر هەموو ئەم شتانە بووە ، وە لەبەر چەند داناییەکی تر ، کە هیچ

**ئیشێکی پێغەمبەری خواﷺ بێ دانایی نەبووە ))** ( زاد المعاد : ١ / ٤٤٩ ) . **ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : (( ئەگەر هۆیەکەشی نەزانرابێت سوننەتە شوێنی بکەوین بە یەکجاری ، خوای گەورە باشتر دەزانێت ))** ( روضة الطلبين ) ( ٢/ ٧٧ ) .

## ( الله أكبر ) کردن لە جەژندا

**جێگیر بووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە لە جەژنی ڕەمەزاندا لە ماڵ دەردەچوو** ( الله أكبر ) **ی دەکرد تاوەکو دەگەیشتە** ( مصلى ) **وە تاوەکو نوێژی دەکرد، بەڵام لە دوای نوێژ ئیتر** ( الله أكبر ) **ی نەدەکرد** . ( الصحيحة : رقم ١٧٠ ) . **ئەلبانی دەفەرموێت : (( لەم فەرموودەیەدا بەڵگەی دروستێتی ئەوەی تێدایە کە موسوڵمانان کردوویانە لە بە ئاشکرا وتنی** ( الله أكبر ) **لە ڕێگادا بۆ** ( مصلى ) **هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ئەم سوننەتەیان بە سووك گرتووە تا وای لێهاتووە نزیکە نەمێنێ ، وە ئەوەی کە باش بێت لێرەدا یادی بخەینەوە ئەوەیە کە بە ئاشکرا وتنی** ( الله أكبر ) **دروست نیە بۆی کۆببیتەوە و بە دڵ بیڵێیت هەروەکو چۆن هەندێك لە خەڵکی دەیکەن ، هەروەها هەموو زیکرێك**

**دروست بێت دەنگ بەرزبکرێتەوە یان دروست نەبێت ، دروست نیە بۆی کۆببیتەوە و بە کۆمەڵ بیڵێیت.**

**با لەم شتە بە ئاگا بین و هەمیشە لە پێش چاوی خۆمانی دابنێین کە باشترین ڕێنمایی ڕێنمایی پێغەمبەرە ﷺ .** ( الصحيحة : ١ / ١٣١ )

.

( علي الحلبي ) **دەڵێ : (( ئەوەندەی من بزانم هیچ فەرموودەیەکی ( صحیح ) لە پێغەمبەرەوە( ﷺ ) نەهاتووە دەربارەی چۆنیەتی ( الله أكبر ) کردن ، بەڵکو لە هەندێك لە هاوەڵانەوە هاتووە ( خوایان لێ ڕازی بێت ):**

"(عبدالله **ی کوڕی** مسعود) **دەیفەرموو:** (( الله أكبر ، الله أكبر ، لاإله إلا الله ، الله أكبر ، و لله الحمد )) " ( رواه ابن أبي شيبة : ٢ / ١٦٨ بسند صحيح ).

## کاتی خواردن لە جەژنەکاندا

**( بورەید ) (رضي الله عنه) فەرموویەتی: " پێغەمبەرﷺ دەرنەدەچوو بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان تاوەکو شتێکی نەخواردایە ، وە جەژنی قوربان هیچی نە دەخوارد تاوەکو نە گەڕایەتەوە پاشان لە قوربانیەکەی خۆی دەخوارد "** ( الترمذي : ٥٤٢ و سنده جيد ) .

ئیمامی(المهلب) دەفەرموێت: (( حیکمەت لە خواردندا پێش جەژن ئەوەیە هەتا گومانبەرێك گومان نەبات لە بەردەوامی ڕۆژووگرتن هەتا نوێژی جەژن دەکرێت ، پێغەمبەر ﷺ ڕێگای ئەم گومان بردنەی گرت )) ( فتح الباري : ٣ / ٤٥٧ ) .

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت : (( حیکمەت لە دواخستنی خواردن لە جەژنی قورباندا ئەوەیە : ئەو ڕۆژە قوربانیکردن و خواردنی تێدا ڕێگە پێدراوە ، کە خواردنی خۆی لە قوربانیەکەی خۆی بێت )) ( نیل الأوطار : ٣ / ٣٥٧ ) .

## خۆشوشتن پێش نوێژی جەژن

( سعیدی کوڕی مسیب ) دەفەرموێت: " سوننەتی جەژنی ڕەمەزان سێ شتە: بە پێ ڕۆیشتن بۆ (مصلى) ، وە خواردن پێش دەرچوون ، وە خۆشوشتن " ( مالك : ١ / ٧٧ و سنده صحيح ) .

( علي الحلبي ) دەفەرموێت: (( دەڵێم لەوانەیە مەبەستی سوننەتی هاوەڵان بێت، ئەگینا هیچ سوننەتێك لەم بارەیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر نەبووە )) . ( أحكام العيدين في السنة المطهرة ) .

## ئایا پێش و پاشی نوێژی جەژن نوێژی تر هەیە؟

(عبدالله ی کوڕی عباس) دەفەرمویێت: " پێغەمبەر ﷺ جەژنی ڕەمەزان دوو ڕکاتی کرد نە لە پێش و نە لە پاشی نوێژی تری نەکرد " ( البخاري : ٩٨٩ ) .

(ابن حجر) دەفەرمویێت : (( دەسکەوتوو وە سەرەنجام ئەوەیە کە نوێژی جەژن هیچ سوننەتێك نە لە پێشی نە لە پاشی جێگیر نەبووە ، بە پێچەوانەوەی کەسێکەوە کە قیاسی دەکات لە سەر هەینی )) (فتح الباري : ٢/ ٤٧٦) .

## حوکمی نوێژی جەژن

ئیمامی شەوکانی لە (سیل الجرار) (١ /٣١٥) دەفەرمویێت : (( بزانە پێغەمبەر ﷺ بەردەوام ئەم نوێژەی کردووە لە جەژنەکاندا ، وە وازی لێ نەهێناوە لە جەژنێك لە جەژنەکاندا ، وە فەرمانی بە خەڵکی کردووە کە دەرچن بۆ نوێژکردن ، هەتا فەرمانی کردوو بە دەرچوونی ئافرەتانی باڵغ بوو ، وە ئەو ئافرەتانەی کە لە ژووری خۆیاندان ، وە ئافرەتانی حەیزدار ، بەڵام فەرمانی بە ئافرەتی حەیزدار کردووە کە نوێژ نەکەن بەڵام ئامادەی خێر و دوعای موسوڵمانان بن تەنانەت

**فەرمانی کردووە بەو ئافرەتانەی کەعەبایان نیە** (جلباب) **لە یەکێکی تر وەری بگرن وە ئامادەی نوێژەکە بن))**

**پاشان لە کتێبی** (نيل الأوطار )دا (٣/ ٣٨٢ – ٣٨٣) **دەفەرموێت :**

**(( وە بەڵگەی تر لە سەر واجب بوونی نوێژی جەژن ئەوەیە کە نوێژی هەینی لادەبات ئەگەر بە یەکەوە لە یەك ڕۆژدا کۆبوونەوە چونکە ئەگەر شتێك واجب نەبێت واجب لانابات ، وە جێگیر بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام نوێژی جەژنی بە جەماعەت کردووە لو ڕۆژەوەی کە نوێژی جەژن فەرز کراوە هەتا کۆچی دوایی کرد ، لەگەڵ ئەمەشدا فەرمانی بە خەڵك کردووە کە دەربچن بۆ نوێژی جەژن )) .**

**جگە لە ئیمامی شەوکانی چەندین زانای تریش دەفەرموون واجبە لەوانە** ( شيخ الإسلام ابن تيمية والشيخ العلامة الألباني **و چەندین زانای تر** ).

## کاتی نوێژی جەژن

(ابن القيم) **دەفەرموێت:(( پێغەمبەر ﷺ نوێژی جەژنی ڕەمەزانی دوادەخست و نوێژی جەژنی قوربانی پێش دەخست و بە پەلە**

**دەیکرد،**(ابن عمر) **لەگەڵ توندی شوێنکەوتنی بۆ سوننەت هەتا خۆر هەڵنەهاتایەدەرنەدەچوو بۆ نوێژ))** ( **زاد المعاد** : ١ /٤٤٢).

(أبو بكر الجزائري) **دەفەرموێت : (( کاتی نوێژی هەردوو جەژن لە بەرزبوونەوەی خۆرە بە قەدەر ڕمێك هەتا لاربوونەوەی خۆر ، باشتر وایە نوێژی جەژنی قوربان لە سەرەتای کاتەکەوە بکرێت تا خەڵکی بتوانن قوربانی خۆیان بکەن ، وە نوێژی جەژنی ڕەمەزان دوابخرێت تا خەڵکی بتوانن سەرفترەی خۆیان دەربکەن))** ( الموعظة الحسنة : ٤٢ ، ٤٣ ) .

**بەڵام لە کاتێکدا کە درەنگ زانرا جەژنە ئەوا نوێژی جەژن لە ڕۆژی دواییدا دەکرێت.**

"(أبي عميرى **کوڕی** أنس) **لە چەند مامێکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوون ﷺ کە چەند کەسێك شایەتیان داوە کە ئەوان دوێنێ مانگیان بینیوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردن کە ڕۆژوو بشکێنن و ئەگەر بەیانی هەستان بچن بۆ** (مصلى) **بۆ نوێژی جەژن** " ( أبو داود : ١١٥٧ بسند صحيح ) .

## بانگ و قامەت لە نوێژی هەردوو جەژندا

( **جابری کوڕی سەمورە** ) **دەفەرموێت** : " **نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوادا** ﷺ **هەردوو جەژن زیاتر لە جارێك و دوو جار بە بێ بانگ و قامەت** ". ( رواه مسلم : ٨٨٧ ) .

(ابن القيم) **دەفەرموێت** : (( **پێغەمبەر** (ﷺ) **ئەگەر بگەیشتایەتە** (مصلى) **نوێژی دەکرد بە بێ بانگ و قامەت ، وە نەشوتراوە** (الصلاة جامعة) ، **سوونەتە هیچ لەمانە نەوترێت** )) ( زاد المعاد : ١ / ٤٤٢ ) .

## چۆنیێتی نوێژی جەژن

**یەکەم : نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانیش هەر دوو ڕکاتە** ، " **ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت : نوێژی سەفەر دوو ڕکاتە ، نوێژی جەژنی قوربان دوو ڕکاتە ، نوێژی جەژنی ڕەمەزان دوو ڕکاتە ، تەواون بە بێ کورتکردنەوە لە سەر زمانی** محمد ﷺ " ( أحمد : ١ / ٣٧ و سنده صحيح ) .

**دووەم** : "**عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەر** ﷺ **لە نوێژی جەژندا حەوت** ( الله أكبر ) **ی کرد لە ڕکاتی یەکەمدا ، پاشان فاتیحەی خوێند** ،

پاشان (الله أكبر ) ی کرد و پاشان چووە ڕکوع ، پاشان چووە سوژدە و پاشان هەستایەوە ، وە پێنج ( الله أكبر ) ی کرد و پاشان فاتیحەی خوێند ، وە پاشان ( الله أكبر ) ی کرد و چووە ڕکوع و چووە سوژدە ". ( بڕوانە : إرواء الغليل : ٣ / ١٠٨ ، ١١٢ ) .

سێیەم : بە ( صحيح ) ی لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتووە کە لە کاتی تەکبیرەکانی ناو نوێژی جەژندا دەستی بەرز کردبێتەوە ، بەڵام (ابن القيم) دەفەرموێت : (( ابن عمر لەگەڵ زۆر بە دواگەڕانی بۆ سوننەت دەستی بەرز دەکردەوە لەگەڵ هەموو تەکبیرەیەکدا )) ( زاد المعاد : ١ / ٤٤١ ) .

بەڵام باشترین ڕێنمایی ، ڕێنمایی پێغەمبەری خوایە ﷺ .

شێخ ئەلبانی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : (( لەگەڵ ئەوەشدا کە لە عومەر و کوڕەکەیەوە گێڕدراوەتەوە ( واتە : دەستیان بەرز کردووەتەوە ) بەڵام ئەمە نابێت بە سوننەت بە تایبەتی کە ڕیوایەتی هەردووکیان لێرەدا ( صحيح ) نیە ، ڕیوایەتی عومەر بەیهەقی دەیگێڕێتەوە بە سەنەدێکی ( ضعيف ) ، ڕیوایەتی کوڕەکەی هێشتا نەم دۆزیوەتەوە و لە سەری ڕانەوەستاوم )) ( تمام المنة : ٣٤٨ ).

**چوارەم : بە** ( صحيح ) **ی نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە** ﷺ **کە زیکرێکی دیاریکراوی خوێندبێت لە نێوان تەکبیرەکاندا ، بەڵام بە سەنەدێکی** ( جيد ) **لە ڕیوایەتی بەیهەقیدا** ( ٣ /٢٩١ ) **هاتووە کە** ( عبدالله **ی کوڕی** مسعود ) **فەرموویەتی : " لە نێوان هەر دوو تەکبیرەیەکدا حەمد و سوپاس و ستایشی خوای تێدایە ".**

**پێنجەم : پێغەمبەری خوا** ﷺ **لە پاش سورەتی فاتیحە لە ڕکاتێکدا سورەتی** ( ق و القران المجيد ) **ی خوێندووە ، وە لە ڕکاتەکەی تریشدا سورەتی** ( اقتربت الساعة و انشق القمر ) **ی خوێندووە .** ( مسلم : ٨٩١ ) .

**یان هەندێك جار سورەتی** ( سبح اسم ربك الأعلى ) (هل أتاك حديث الغاشية) **ی خوێندووە .** ( مسلم : ٨٧٨ ) .

( ابن القيم ) **دەفەرموێت : (( ئەو دوو فەرموودەیە بە صەحیحی هاتوون جگە لەوانە هیچی تر بە صەحیحی نە هاتووە )).** ( زاد المعاد : ١ / ٤٤٣)

**شەشەم : ئیتر بەشەکانی تری وەکو نوێژەکانی تر وایە .**

**حەوتەم : هەرکەسێك نوێژی جەژنی فەوتا دوو ڕکات دەکات ،** ( عطاء ) **دەفەرموێت : " ئەگەر کەسێك نوێژی جەژنی فەوتا دوو ڕکات دەکات "** ( البخاري : ١ / ١٣٤ ، ١٣٥ ) .

**هەشتەم : تەکبیرەکان سوننەتن و وازلێهێنانیان بە ئەنقەست یان بە هەڵە نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ، بەڵام بێگومان پێچەوانەی سوننەتە.**

## وتار خوێندنەوە لە پاش نوێژی جەژن

( ابن عباس ) **فەرموویەتی : " ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکر و عومەر . خوایان لێ ڕازی بێت . هەموویان نوێژیان دەکرد پێش وتار خوێندنەوە "** ( البخاري : ٩٦٢ ) .

## ئامادەبوونی خەڵك لە وتاردا

( عبدالله **ی کوڕی** سائب ) **دەفەرموێت : " ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ کاتێ نوێژ تەواو بوو فەرمووی : ئێمە وتار دەدەین ئەوەی پێیخۆشە دابنیشێت بۆ وتارەکە با دابنیشێت ، وە**

ئەوەی پێیخۆشە بڕوات با بڕوات " ( أبو داود : ١١٥٥ و إسناده صحيح ) . وتاری جەژن تەنها یەك وتارە و ئەو فەرموودەیەی کە هاتووە دەربارەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو وتاری داوە و لە نێوانیاندا دانیشتووە ( ضعيف ) ە . ( ابن القيم ) : دەفەرموێت : (( پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو وتارەکانی بە ( الحمدلله ) دەست پێدەکرد تەنها فەرموودەیەکیشی لێ نەگێڕدراوەتەوە کەوا وتاری جەژن بە ( الله أكبر ) دەست پێ بکات ))

شەوکانی لە پاش ئەم ڕیوایەتە دەفەرموێت : (( ئاشکراکەی ئەوەیە کەوا نوێژی نیوەڕۆکەی نەکردووە ، وە لەم فەرموودەیەدا ئەوەی تێدایە کەوا ئەگەر نوێژی هەینی لادرا بە شێوەیەك لە شێوە درووستەکان ئەوا واجب نیە لە سەر ئەو کەسەی کە لە سەری لاچووە نوێژی نیوەڕۆ بکات ، وە ( عطاء ) یش وای بۆ چووە )) ( نيل الأوطار : ٣ / ٣٤٨ ) .

## پیرۆزبایی کردن لە جەژندا

( محمدی کوڕی زياد ) فەرموویەتی : " لەگەڵ ( أبي أمامة الباهلي ) و جگە لەویش بوومە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە بگەڕانایەوە

**لە نوێژی جەژن بە یەکتریان دەوت :** ( تقبل الله منا و منك ) ( قال السيوطي في الحاوي : إسناده حسن ) .

**بەڵام وتنی** ( كل عام و أنتم بخير ) **واتە : هەموو ساڵێك بە خۆشی بەرنە سەر . قبوڵ ناکرێت و ڕەد دەکرێتەوە چونکە هیچ بەڵگەی لە سەر نیە .**

## خراپەکاریەکانی جەژن

**بزانە برای موسوڵمانم خوای گەورە من و تۆش شارەزا بکات ، ئەو خۆشییەی کە لە جەژنەکاندا ڕوودەدات وای کردووە لە زۆربەی خەڵك کەوا فەرمان و حوکمەکانی دینەکەیان لە بیربچێتەوە یان لە بیری خۆیانی بەرنەوە ، بۆیە دەیانبینین جۆرەها تاوان ئەنجام دەدەن و چەندەها خراپە دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا وا دەزانن باشیان کردووە ، بۆیە بۆ وریاکردنەوەی موسوڵمانان هەوڵمان داوە لەم نامیلکەیەدا هەندێك لەو خراپە کاریانە باس بکەین ( خوای گەورە ئێمە و ئێوەشی لێ بە دوور بگرێت).**

## خراپە کاریەکان

یەکەم: خۆ ڕازاندنەوە بە تاشینی ڕیش ، ئەم خراپەیە زۆرێك لە خەڵکی ئەنجامی دەدەن ، هەرچەندە ڕیش تاشین لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرامە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە زۆر فەرموودەدا فەرمانی کردووە بە هێشتنەوەی ڕیش ، وە بەڵگەی حەرامێتی لە پەڕتووکی هەر چوار مەزهەبەکەدا هاتووە .( بڕوانە : فتح الباري : ١٠ / ٣٥١ )

دووەم : تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " ئەگەر دەرزی ئاسن لە سەر پیاوێك دابکوترێت باشترە بۆی لەوەی دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بکەوێت بۆی حەڵاڵ نەبێت ". ( حديث صحيح )

سێیەم : لێکچوون بە کافران و ڕۆژئاواییان لە جل و بەرگ و گوێگرتن لە مۆسیقا و چەند شتێکی تردا ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " من تشبه بقوم فهو منهم " ( أحمد : ٢ / ٥٠ ، ٩٢ وإسناده حسن ) . واتە : هەرکەسێك خۆی بشوبهێنێت بە هەر کۆمەڵێك ئەوا لەوانە.

هەروەها دەفەرموێت ﷺ : " لە ناو ئوممەتی من چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن کەوا زینا و ئاوریشم و عەرەق و مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن " ( رواه البخاري : ٥٥٩٠ معلقا و وصله أبو داود : ٤٠٣٩ ) .

چوارەم : چوونە ژوورەوە بۆ لای ئافرەت بە تەنها لە یەك ژووردا ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " ئاگادارتان دەکەمەوە نەچنە لای ئافرەت بە تەنها ، پیاوێك لە ئەنصار فەرمووی : ئەگەر خزمی مێردەکەی بێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەمە مردنە " ( البخاري : ٥٢٣٢ ) .

پێنجەم : خۆ دانەپۆشین و دەرچوونی ئافرەتان بۆ بازاڕ و پارك و شوێنە گشتیەکانی تر کە تێکەڵی پیاو و ئافرەتی تێدایە .

شەشەم : تایبەتکردنی ڕۆژی جەژن بە سەردانکردنی ( گۆڕستان ) ، وە دانیشتن لە سەر گۆڕەکان و دابەش کردنی خواردن و شیرینی تیایدا ، وە تێکەڵ بوونی پیاو و ژن ، وە گریان و هاوارکردن لە سەر مردووەکان ، وە دانانی لق و چڵی دارخورما و داری تر لە سەر گۆڕەکان کە ئەصڵی نیە لە دیندا و بیدعەیە. ( أحكام الجنائز : ٢٥٤ ) .

**حەوتەم : زیادە مەسرەف کردن و دەست بلاْویەکی زۆر کە هیچ سوود و قازانجێکی تێدا نیە . خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ و لا تبذر تبذيرا ، إن المبذرين كانوا إخوان الشياطين ﴾.( الإسراء : ٢٦، ٢٧ ).

**واتە : زیادە مەسرەفی مەکەن ، چونکە زیادە مەسرەفی لە شەیتانەوەیە ، هەرکەسێك بیکات گوێڕایەڵی شەیتانی کردووە .**

**هەشتەم : وازهێنانی زۆربەی خەڵکی لە نوێژکردن لە مزگەوتدا بە بیْ هیچ هۆیەکی شەرعی ، وە هەندێکیشیان تەنها نوێژی جەژن لە مزگەوتدا دەکەن ، سوێند بە خوا ئەمە یەکێکە لە تەنگ و چەڵەمە گەورەکان.**

**نۆیەم : بەزەیی و سۆز نەهاتنەوە بە هەژاراندا و خواردن و جلی جوان لە بەرکردنی منداڵی دەوڵەمەندەکان لە بەر چاوی منداڵی هەژاراندا بە بیْ هەست کردن بە سۆز و هاوکاری و لێپرسینەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :**

**" باوەڕی تەواو نیە هیچ کەس لە ئێوە تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێیخۆشە بۆ براکەیشی پێیخۆش نەبێت "** ( البخاري : ١٣ ) .

**دەیەم : زیندووکردنەوەی هەردوو شەوی جەژن بە عیبادەت لە لایەن هەندێك لە خەڵکەوە ، وە بڕوایان وایە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی " هەرکەسێك شەوی جەژنی ڕەمەزان و شەوی جەژنی قوربان زیندوو بکاتەوە ئەوا دڵی نامرێت لە ڕۆژێکدا کە هەموو دڵەکان دەمرن " بەڵام ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە** ( موضوع ) **و پێغەمبەری خوا ﷺ شتی وای نە فەرمووە .** ( سلسلة الأحاديث الموضوعة : ٥٢٠ ، ٥٢١ )

## ئەو بیدعانەی لە جەژندا دەکرێن [١]:

**١ . ئەو بیدعانەی کە لە نوێژی جەژندا دەکرێن :**

**أ . ئەنجامدانی نوێژی جەژن لە مزگەوتەکاندا :** ( أحمد شاكر ) **دەڵێ : (( سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە لە فەرموودە صەحیحەکاندا هاتوون بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لە دەرەوەی شار و لە بیاباندا نوێژی دوو جەژنەکەی ئەنجام داوە ، وە پێشینانی سەدەی یەکەم ( هاوەڵان ) لە سەر ئەم کارە بەردەوام بوون و بە هیچ شێوەیەك نوێژی جەژنیان لە مزگەوتدا نەدەکرد ، تەنها لەبەر پێویستیەك نەبێت**

---

(١) لە (قاموس البدع) وەرگیراوە

وەکو باران یان هاوشێوەی ئەوە ، ئەمەش مەزهەبی هەر چوار پێشەواکەیە ، وە جگە لەوانیش لە پێشەوایان و زانایان ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ، نازانم ( نەمزانیوە ) کەسێك هەبێت پێچەوانەی ئەمەی کردبێت ، تەنها قسەی شافیعی نەبێت ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە ( اختيار )ی ئەوەی کردووە نوێژی جەژن لە مزگەوتدا بکرێت ئەگەر هاتوو مزگەوتەکە جێگای خەڵکی شارەکەی تێدا دەبووەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێی ئاسایی بووە کە نوێژ لە بیاباندا بکرێت ئەگەر چی مزگەوتەکە جێگای خەڵکی شارەکەش بکاتەوە ، شافیعی ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە ڕاشکاوی دەڵێ مەکروهە نوێژی دوو جەژنەکە لە مزگەوتدا ئەنجام بدرێت ئەگەر مزگەوتەکە جێگای خەڵکی شارەکەی نە کردەوە ، بۆیە فەرموودە صەحیحەکان و بەردەوام بوونی پێشینانی سەدەی یەکەم ( هاوەڵان ) لە سەر ئەم کارە و پاشان وتەی زانایان ، ئەوانە هەموو بەڵگەن لە سەر ئەوەی نوێژی دوو جەژنەکە ئێستا لە مزگەوتەکاندا بیدعەیە ، تەنانەت لە سەر وتەی شافعیش ، چونکە تاکە مزگەوتێکیش نیە لەم وڵاتەی خۆماندا کە جێگای خەڵکی شارەکە بکاتەوە )).

ب . بانگدان بۆ نوێژی هەر دوو جەژنەکە : چونکە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ بانگ و قامەت نەبووە بۆ نوێژی جەژن ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە ( جابری کوڕی سەمورە ) دەفەرموێت : " نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ هەر دوو جەژن زیاتر لە جارێك و دوو جار بە بێ بانگ و قامەت " ( مسلم : ٨٨٧ ) .

ج . وتاردان لە پێش نوێژی جەژن و دانیشتن لە وتارەکەدا بۆ وتاربێژ لە وتارەکەیدا پێچەوانەی سوننەتە : چونکە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ نوێژ پێش وتار بووە ، ( ابن عباس ) فەرموویەتی : " ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکر و عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) هەموویان نوێژیان دەکرد پێش وتار خوێندنەوە " ( البخاري : ٩٦٢ ) .

٢ . زیندووکردنەوەی شەوی جەژنی ڕەمەزان و شەوی جەژنی قوربان و تایبەت کردنیان بە شەونوێژ و عیبادەت بەو بڕوایەی کە لە شەوەکانی تر گەورەترن و فەزڵیان زیاترە : ئەلبانی لە ( ضعيف التَرغيب و الترهيب : ١ / ٣٣٤ ) لە ژێر فەرموودەی ( ٦٦٨ ) فەرموویەتی :

( ابن القيم ) **لە** ( زاد المعاد ) **دا فەرموویەتی : (( پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نوست ، ئەو شەوەی زیندوو نەكردەوە ، وە هیچ فەرموودەیەك بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە ﷺ نە هاتووە كە دوو شەوی هەردوو جەژنەكەی زیندوو كردبێتەوە ))**

٣. **تایبەت كردنی ڕۆژانی جەژن بە سەردانكردنی گۆڕستان بە گومانی ئەوەی كە زیارەتكردن لەم ڕۆژەدا فەزڵی زیاترە لە ڕۆژەكانی تر** . ( الثمر المستطاب : ٢ /٥٧٧ ) .

## ئەو هەڵانەی كە لە نوێژی جەژن و ڕۆژانی جەژندا دەكرێن [*]

١. **خۆنەشوشتن لە ڕۆژی جەژندا** .

٢. **نەپۆشینی باشترین جل و بەرگ لە ڕۆژی جەژندا** .

٣. **نەخواردنی چەند دەنكە خورمایەك لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژن** .

٤. **خواردن پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژن بۆ** ( مصلى ) **لە جەژنی قوربانندا** .

---

[*] **لە كتێبی :** (تحذير الفضلاء مما يقع من المصلين من الأخطاء)

٥ . گەڕانەوە لە نوێژی جەژن بە هەمان ئەو ڕێگایەدا کە پێیدا ڕۆیشتووە .

٦ . ڕۆیشتن بۆ ( مصلى ) بە سواری بە بێ عوزر .

٧ . وازهێنان لە تەکبیرە کردن لە ڕۆژانی هەردوو جەژنەکەدا .

٨ . تایبەتکردنی شەوی جەژن بە شەونوێژ .

٩ . زیادکردنی شتێك لە سەر تەکبیرە کە تێیدا نیە ، بۆ نمونە بڵێت: ( اللهم صل على سيدنا محمد ) تاوەکو دەڵێت:( و سلم تسليما كثيرا ) .

١٠ . سەرقاڵ بوون بە سەردانکردنی هاوڕێ و برادەران لە ڕۆژی جەژندا بە بێ ئەوەی سەردانی خزمە نزیکەکان بکات ، یان تایبەتکردنی سەردانی خزم و کەس و کار تەنها لە ڕۆژی جەژندا .

١١ . وتنی ئەوەی کە نوێژی جەژن واجب نیە و ئەوەی وازی لێ دەهێنێت تاوانبار نابێت .

١٢ . بانگ کردن بۆ نوێژی جەژن بە وتنی ( الصلاة جامعة ) .

١٣ . قورئان خوێندنی هەندێك لە بانگدەران یان یەکێك لە نوێژکەران پێش ئەوەی وتاربێژ بێتە ( مصلى ) یان مزگەوتەوە .

١٤ . تەکبیرەکردنی بڕواداران بە دەنگێکی بەرز لە دوای ئیمامەوە .

١٥ . کردنی وتاری جەژن بە دوو وتار وەکو وتاری هەینی .

١٦ . دەست پێکردنی وتاری جەژن بە تەکبیرە کردن .

١٧ . تەکبیرە کردن لە کاتی وتاری جەژندا .

١٨ . داهێنانی نوێژێك لە شەوی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قورباندا .

١٩ . ڕازاندنەوەی مزگەوت لە جەژنەکاندا .

٢٠ . بڕوابوونی هەندێك لە خەڵکی بەوەی کە چەقاندنی چەقۆ بە دەرگادا لە شەوی جەژنی ڕەمەزاندا دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی شەیتان .

٢١ . ترساندنی موسوڵمانان بە یاریە ئاگرینەکان لە ڕۆژی جەژندا .

٢٢ . قومار کردن و یارییە نامەشروعەکان لە ڕۆژی جەژندا .

٢٣ . ڕۆیشتنی مندالآن بۆ سینەما و ئەو شوێنانەی یاری ناشەرعی و حەرامیان تێدا دەکرێت لە ڕۆژی جەژندا .

٢٤ . خۆ دانەپۆشین و خۆ ڕازاندنەوەی کچان ( ئافرەتان ) لە ڕۆژی جەژندا.

٢٥ . تەوقەکردنی پیاوان لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەم لە ڕۆژی جەژندا .

٢٦ . تێکەڵ بوونی ئافرەتان و پیاوان لە کاتی سەردانیکردن لە ڕۆژی جەژندا .

٢٧– قوربانی نەکردن لە لایەن کەسێکەوە کە توانای هەبێت لە ڕۆژانی جەژنی قورباندا .

٢٨ . لابردنی موو نینۆك لە لایەن ئەو کەسەی کە قوربانی دەکات لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی ( ذي الحجة ) ، وە هەروەها لە ڕۆژی دەیەم و دوای ئەوەش ئەگەر قوربانیەکەی نەکردبێت .

٢٩ . ڕازاندنەوەی ئاژەڵی قوربانی بە ڕەنگ کردن و گوڵ پێداکردن .

٣٠ . قوربانیکردن بە مەڕێك کە عەیبدار بێت و تەمەنی لە یەك ساڵ کەمتر بێت .

٣١ . بڕوابوون بەوەی کە ئاژەڵی مێینە دروست نیە بۆ قوربانی .

٣٢ . سەربڕینی ئاژەڵی قوربانی لە شەوی جەژندا یان پێش نوێژی جەژنی قوربان

٣٣ . فرۆشتنی ئاژەڵی قوربانیەکە و دابەشکردنی نرخەکەی بە سەر کەم دەستەکاندا ، یان تەنها نرخی ئاژەڵەکە دەربکات ( دابەش بکات ) بە بێ سەربڕینی .

٣٤ . چاك سەرنەبڕین و ئازاردانی ئاژەڵەکە لە کاتی سەربڕینیدا ( یان بەکارهێنانی چەقۆیەك کە تیژ نەبێت ) .

٣٥ . زیکری خوا نەکردن لە کاتی سەربڕیندا .

٣٦. پێدانی گۆشت بەو قەسابەی کە ئاژەڵەکەی سەربڕیوە لە بری ئەو ئەو کرێیەی کە بۆی دیاری کراوە .

٣٧ . فرۆشتنی پێستی ئاژەڵەکە .

٣٨ . تایبەتکردنی قوربانی بۆ مردوو ، بەڵام بۆچوونی دروست ئەوەیە کە قوربانیەکە بۆ هەموو خێزانەکە دەبێت ( زیندو و مردوویان ) .

**وآخر دعوانا أنِ الحمدُ لله رَبِّ العالمين**

**ئامادەکردنی**

**إدريس محمود**

بۆ نوسنی ئەم بابەتە سوود لە کتێبی (حوکمەکانی هەردوو جەژن لە سوننەتی پاککراوەدا) وەرگیراوە

# ئەمسالێش ڕەمەزان ماڵئاوایی لێ کردین...بەڵام!

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( سورة آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء اتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾. ( سورة النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( سورة الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

ئەوا ئەم ساڵیش مانگی ڕەمەزانماڵئاوایی لێ کردین ، بەڵێ ئەو مانگەی کە باوکی هەژاران و هەتیوان بوو ماڵئاوایی لێکردین ، چ ڕۆژانێکی تاڵە ڕۆژانی ماڵئاوایی کردن لە یەکێك لە خۆشەویست ترین کەسەکانمان ، بەڕاستی جێگای خۆیەتی هەریەك لەئێمە لەخۆی بپرسێ و بلێ : ئەی نەفسم حاڵت چۆن ئەبێ لەپاش مانگی ڕەمەزان ؟!

کاتی ئەوە هاتووە هەر یەکێك لە ئێمە بەراوردێك بکات لە نێوان حاڵی خۆی لە مانگی ڕەمەزان و پاش مانگی ڕەمەزان ، ئایا باشترە و بەرەو باشتر هەنگاو هەڵئەنێین یان سستی و خاوبوونەوە لە پەرەستنەکانمان مێشکمان داگیر ئەکا و دەستەکانمان کۆت و بەند ئەکات ؟

خەڵکانێکی زۆر لە ڕەمەزاندا لە نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن بوون ، و دەستەکانیان واڵا بوو بۆ خێر و چاکە ، و چاوەکانیان لە حەرام دەپاراست و هەموو جەستە و ناخیان خستبووە خزمەت چاکەکاری ، بە قورئان خوێندن و گوێ گرتن لێی ، گوێیەکانیان لە تاوانەکانی ڕابردوو پاك ئەکردەوە ، و بەگەیاندنی صڵەی ڕەحم دڵەکانیان ئارامی دەگرت ، بەڵام هەر لە گەڵ ماڵئاوایی کردنی مانگی ڕەمەزان ، و لە گەڵ بەرەڵابوونی جنۆکە و شەیتانەکان ئەمانیش جڵەوی ئارەزوو و شەهوەتەکانی خۆیان بەرەڵاکرد ،

چـاوەکان بـۆ تەماشـاکردنی حـەرام و گوێیـەکان بـۆ بیسـتنی حـەرام و قاچەکانیش لەڕەمەزاندا لەڕێگای بەرەو مزگەوت چوون ماندو ئەبوو ، کەچـی لەئەمڕۆ بـەدواوە بـۆ تاوانکـاری و بـەدووی عەیبـەی خـەڵکی گـەڕان ! ! ! بـە چەند ڕۆژێکی کەم قورئانیان لەیاد چوو ! ! ! کچانیش گەڕانەوە سـەر مکیـاج کردن و جل و بەرگ و پۆشاکی مۆدە و تەسك و نیوە ڕووتـی ناشـەرعی ! ! ! گەڕانـەوە سـەر ڕێگـای گـوێگرتن لـە گـۆرانی و تەماشـاکردنی زنجـیرە تەلەفزیۆنیـەکان ! ! ! گەڕانـەوە سـەر تـەلیفۆن کـردن و عەشـقبازی و دەمەتەقێی ناشەرعی ! ! ! بە هەمان شێوە کوڕانیش ، ئەمە جگە لـە گـەڕان بە دوای عەیبەی خەڵکی و ڕوشـاندنی سـومعەتیان ! ! ! بـە ڕاسـتی مردنمـان باشترە لەم حاڵە .

مردویەکیشمان بمرێ هیچ نـەبێ تاچـەند مـانگێکیش لـە یادمـان ناچـێ و ماوەیـەك تەلـەفزیۆن ناکەینـەوە ! ! ! کەچـی بەچـەن ڕۆژێکـی کـەم فـەزڵ و گەورەیی مانگی ڕەمەزانمان لەیاد ئەچێ ! ! ! بە ڕاستی شەرمەزاریە لە گـەڵ واڵابوونی جنۆکە و شەیتانەکان ئێمەی مرۆڤیش بگەڕێینەوە سەر تاوان کـردن خـۆ ئێمـە نـە جنۆکـەین و نـە شـەیتان بگـرە زۆرێـك لـە جنۆکـەکان هـەردەم بەردەوامن لەپەرەستن، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەمە ڕەمەزانە و ئەوە شەعبان.

چەن ڕۆژێك پێش ئێستا دڵەكانمان پڕبوون لە خواپەرەستی ، ماڵەكانمان بەدەنگی قورئان ئاوەدان ئەكردەوە بە ئارامی و بە چاوەڕوانی قبوڵ بوونی نزاو پاڕانەوەكانمان بەچاوی پڕ لە فرمێسكەوە لە پەروەردگار دەپاڕاینەوە لەگەڵ قورئان دۆستی گیان بەگیانی بوین ، فرمێسكەكانی پەشیمانی بۆ تاوانەكانی ڕابردوو لە چاوەكانمان نەدەبڕا ، لە نوێژەكانماندا خشوعمان هەبوو ، تام و چێژی ڕاستەقینەی خواپەرەستی لە دڵەكانمان گەیشتبووە لوتكە .

بەچەن ڕۆژێك بەر لە ماڵئاوایی كردنی مانگی ڕەمەزان دەستەكانمان والابوو بۆ خێر و چاكە نە لە فەقیری و هەژاری دەترساین و نەش لە برسێتی دەرگاكانی چاكەكاری والابوون ، تاكو گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەر كەسێ لەم مانگەدا بمردایە خۆزگەمان پێی ئەبرد ، چونكە لە مانگێكی پیرۆزدا دونیای كاتی و بێ سوودی بەجێهێشت ، ئاواتە خواز بوین لەم مانگەدا بمرین بۆ ئەوەی بە دڵێكی پاكەوە بگەینە بەردەم بارەگای پەروەردگارمان بەم شێوەیەش ڕۆژگار تێپەڕی و مانگی ڕەمەزایش وەك میوانێكی سەرپایی جارێكی تر ماڵئاوایی لێكردین .

پاشان چی ؟! پاشان زۆرێکمان گەڕاینەوە سەر وازهێنان لە نوێژ ، هەروەکو بڵێیت لە خەتمە کردنەکانماندا ، لە کاتی گوێ بیست بونمان بۆ قورئانی ناو نوێژە تەراویحەکانمان ، ئەوەمان بەر گوێ نەکەوتبێت کە خوای پەروەردگار دەفەرمویت : ﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴾ ( سورة المدثر : ٤٣ ) ،

یان ئەو ئایەتەی کە فەرموویەتی : ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ (سورة الماعون : ٥ ) !!!

بەڵێ هەروەك بڵێیت ئەو ووتانەی پەروەردگارمان بەر گوێ نەکەوتبێت ، و ڕیبا خۆرانیش گەڕانەوە سەر ڕیبا خواردنی خۆیان کەچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ ﴾ ( سورة البقرة ٢٧٩) !!!!

عاشقانی گۆرانیش گوێکانیان والاّ کرد بۆ گۆرانی ! ! ! و قورئانیان پشت گوێ خرا ! ! ! چاوەکانیش سەرلەنوێ کوێر بوونەوە ، لە ناحەق و حەرام زیاتر هیچی تر نابینن ! ! ! ! مزگەوتەکان دیسانەوە چۆڵ و هۆڵ بەزۆر سێ ڕیز پڕ ئەبێتەوە ! ! !

ئـەوەتا بەچـەن ڕۆژێکـی کـەم چـێژی پەرەسـتنمان لـە یـاد چـوو !!!
نەڕۆژوی دووشەممە و پێنج شەممە و نە نوێژی جەماعەت و .... هتد .

( سـبحان الله ) کـوا ئـەو ڕۆژانـەی بـەزمانی بـەڕۆژوو چـەند دەنکـە خورمایەکمان بەدەستەوە دەگرت و بەردەوام چاوەڕوانی چـوونە خـوارەوە و ئـاوا بـوونی خـۆر بەرزبوونـەوەی بـانگی مـەغریبمان دەکـرد ؟!!! و لـە پـەروەردگارمان دەپاڕاینـەوە و بـەکوڵ دەگریـاین ، کـوا ئـەو ڕۆژانـە چـی بەسـەرهات ؟ خـۆ هێشـتا مانگێك بەسـەر تێپـەڕبوونی مـانگی ڕەمـەزان تـێ نەپەڕیوە !!!!

با لە خۆمان بپرسین ئاخۆ هۆکارەکەی چی بێ ؟! چۆن وەها بە ئاسانی پشتمان لە قورئان هـەڵکرد ؟!! و لەنوێـژی بـەیانیانیش ناپرسینەوە ؟!!! مزگەوتەکانیش لەماڵی هەتیوێك ئەچـێ کـەس نـەوێرێ سـەری پیـا بکـا !!! ماڵەکانیشمان تەنها لە قەبر ئەچێ !! ئاخۆ هۆکارەکەی چی بێ ؟!

دڵنیابـە هۆکارەکـەی مردنـی دڵەکانمانـە ، بـەڵام بۆچـی هێنـدە زوو دڵەکانمان مرد ؟!

چـونکە زۆرێکمـان پێـی وایـە تـەنها لـەمانگی ڕەمـەزان پەرەسـتنی پـەروەردگار واجبـە !!! گـەر وانـەبێ بۆچـی سسـتی و خاوبوونـەوە بـاڵ

ئەكێشـــیٚ بەســـەر پەرەســـتنەكانماندا ؟ وەك بڵێـــی پـــەروەردگار تـــەنها لـــە ڕەمەزاندا بونی هـەبیٚ ( نعوذ باللە ) !!! بەڕاستـی لـە مردنـی هەستەكانمان نەبیٚ هیچی تر نیە بە داخەوە بۆ گـۆرانی و زنجـیرە تەلەفزیۆنیـەكان ئـەگرین !!! كەچی بـۆ ماڵئـاوایی كردنـی مـانگی پـیرۆزی ڕەمـەزان چاوەكانمان لـە كانیەك ئەچیٚ سەدان ساڵە پڕ كرابێتەوە .

بگرە زۆرێكمان خۆشحاڵە بە ماڵئاوایی كردنـی مـانگی ڕەمـەزان !! وەك بڵیٚ ی بارێكی قورسی لە كۆڵ بوبێتەوە !!!

حـەق وایـە بـە خۆمانـدا بچینەوە و لـە خۆمـان و لـەو كەسـانەی كـە كەمتەرخــەمیانم كــردوە بپرســین و بڵــێین : ئایــە خــوای ڕەمــەزان خــوای مانگـەكانی تـریش نیـە ؟! كـەوا لـە مانگـەكانی تـردا هێنـدە سست و كـەم تەرخەمین ؟!!

تۆ بڵێی كەسانێك هەبن وابیر بكەنـەوە كـە خـوای ڕەمـەزان باڵادەست و توندوتیژ بیٚ بۆیە بە باشی دەیپەرەستین ؟!!!! كەچی لەبەر ئەوەی خوای مانگەكانی تر بیٚ دەسەلاٚت !!! و بەبەزەیی یە بەباشی نایپەرەستین ( نعوذ باللە) .

بێگومان وازهێنان لە پەرەستنەکان لە دوای ڕەمەزان هیچ کەمتر نیە لەو جۆرە بیرکردنەوەی سەرەوە با بەو شێوەیەش بیر نەکەنەوە خۆ هیچ نەبێ کردەوەکانیان ئەو بیرکردنەوەیەی سەرەوە ئەسەلمێنێ ، چونکە هەموو مانگەکان هی یەك پەروەردگارن و یەك خاوەن و دروستکەریان هەیە ، بۆیە پەرستنی ئەو یەك پەروەردگارە پێویستە بەیەك شێوە بێ نەوەك لەڕەمەزان و شەوال نوێژ بکەین و لەمانگەکانی تر پشوو بە خۆمان بدەین ! ! ! ! بەواتایەکی تر لە هەموو مانگەکانی ساڵدا پەرەستنی پەروەردگار واجبە لەسەر هەموومان بەبێ گوێدانە ناوی مانگەکان و فەزڵ و گەورەییان .

هەر ئەمەش وای کردوە خەڵکی لەپاش ڕەمەزان ببنە دوو کۆمەڵەوە کۆمەڵێکی سەرکەوتوو و سەرفراز لەبەرامبەردا کۆمەڵێکی دۆڕاو ، خۆزگە ئەمزانی ئێمە لەکام کۆمەڵەین سەرکەوتوان یان دۆڕاوەکان ، خۆزگە دەمزانی کێ لە کۆمەڵەی سەرکەوتوانە تا پیرۆزبای لێ بکەم ، وکێ لە کۆمەڵەی دۆڕاوەکانە تا سەرخۆشی لێ بکەم ، هەرچەندە مانگی ڕەمەزانماڵئاوایی لە هەردوو کۆمەڵەکە کردووە .

بەڵام ماڵئاوایی کردنەکەی لە سەرکەوتوان تام و چێژێکی تاڵی هەیە ، چونکە لەم مانگەدا چێژیان لە پەرەستنی ڕاستەقینە وەرگرت شەوگار و

ڕۆژگارێكی خۆشیان بەسەر برد بە پەرەستن ، شەویان بە سەر دەبرد و بە پاڕانەوە بەربانگیان دەكردەوە ، بۆیە بە ماڵئاوایی كردنی هەستیان بە ئازارێكی توند كرد كە لە ناخیاندا دەیانهەژێنێ ، چۆن وا نەبێ لە كاتێكدا لە مانگی ڕەحمەت و بەزەیی و خێر و چاكە دوور دەكەونەوە ، كێ ئەڵێ ساڵی داهاتو پێی شاد ئەبنەوە ؟

بەڵام كۆمەڵەی دۆڕاوەكان خۆش حاڵن !!! چونكە مانگی ڕەمەزان بەلایانەوە قورس بوو ، ئەمان تەنها بەبێ ئارامی چاوەڕوانی جەژن ئەكەن ، ئەمەش بەڕاستی تەنها سیفەتی منالآنە نەك موسوڵمانێكی ژیری خاوەن هزر.

بۆیە حەق وایە بەكوڵ بگرین بۆ ئەم ماڵئاوایی كردنە .

چۆن نەگرین لە كاتێكدا نازانین ڕۆژوەكانمان بەپاكی وبێ كەم و كوڕی لێمان قبوڵ ئەكرێ یان بە ڕومانەوە ئەدرێتەوە .

لە دوایی ئەم ماڵئاوایی كردنە چۆن بتوانین پێبكەنین لە كاتێكدا نازانین ساڵێكی تر لە گەڵیا شاد ئە بینەوە یان مردن زوتر خۆیمان پێ ئاشنا ئەكات ؟!!!

ڕەمەزان بەڕێوەیە بێتەوە بەڵام ئەوەشمان لە یاد نەچێت مردنیش بەڕێوەیە.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کێ لە ئێمە هەستی بەم کەم و کورڕیانە کردووە ؟ کێ لە ئێمە بڕیاری داوە مانگەکانی تریش ناویان بنێ ڕەمەزان ، و چۆن لە ڕەمەزان سەرقاڵی پەرەستن بوو ئەوا بە پەرەستنی لە چەشنی ڕەمەزان مانگە کانی تریش بڕازێنێتەوە ؟

ئەوەی پێمان گەیشتوە پێشین ( السلف ) [٦] مانگ لە خوا پاراونەتەوە تا ڕۆژووەکانیان قبولّ بکات و لێیان وەربگرێ کەچی ئێمە ناتوانین تەنها یەك هەفتە بپاڕێینەوە بەڵکو هەر لە یەکەم ڕۆژی جەژنەوە مانگی ڕەمەزانمان لە بیر ئەچێ ، هەر لە گەڵ تەواوبوونی ڕەمەزان وەك دڵنیا بین لەوەی کە قبولّ بوبێت بەهیچ شێوەیەك گوێی نادەنێ .

ئایا پاڕاینەوە ؟ ئایا دڵمان خۆشە بە قبولّ بونی ؟ ئایا ئەم حاڵەی ئێمە شایەنی ئەوە نیە بترسین لەو ئایەتەی کە پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ ﴾ ( سورة الزمر : ٤٧ ) .

واتە: ئەوەی کە تۆ داتنابوو وا بێت ئەوە نەبوو ، بەڵکو شتێك بوو کە تۆ هەر حیسابت بۆ نەکردبوو .

بەداخەوە زۆر بەئاسانی مانگی ڕەمەزانمان لە یاد چوو و زۆرێکیشمان وا هەست ئەکا بارێکی قورسی لە سەر لاچوە و خۆشحاڵە بە هاتنی جەژن کە ئەمەش سیفەتی منالانە نەك گەورەیەکی کاملّی موسوڵمانی لە خواترس ! !

**بۆیە پرسیاری گرنگ لێرە ئەوەیە** : ئایا مانگی ڕەمەزان هیچ کاریگەریەکی لەسەر دڵەکانمان بەجێ هێشتوە ؟ هیچ شت و کردەوەیەکی خراپی لە ڕەفتارمان گۆڕیوە بەچاك ؟ یان لە گەڵ ماڵئاوایی کردنی گەڕاینەوە سەر تاوان ؟! !

جنۆکە و شەیتانەکان هەر لە گەڵ تەواو بونی مانگی ڕەمەزان بەڕەڵا ئەبن بۆ تاوان کاری . ئەی ئێمەی مرۆڤ نە جنۆکەین و نەش شەیتان بۆچی لاسایی ئەوان بکەینەوە ؟! گەر وابێ ئەوا ئێمە چیمان لە خراپەکاریەکانی ئەوان کەمترە ؟ ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ تاوان کردن بەخەڵکی زۆرێکیش لە ئێمەی مرۆڤ دەگەڕێنەوە سەر تاوانەکانی پێشو .

خۆشەویستانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان : سەرکەوتوان دڵیان لە مشتیاندایە و بەترسەوە چاوەڕوانی پاداشتن و تەنها یەك کۆمەڵەن .

بەڵام دۆڕاوەکان تەنانەت لە نێوان خۆیانیشدا دەبن بەدوو کۆمەڵەوە :

**کۆمەڵەی یەکەم :** ئەوانەن کە کەمتەرخەمیان کردوە لە بەڕێکردنی ئەم مانگە و پەرەستنەکان لەم مانگەدا ، ڕۆژیان بەخەو بردۆتە سەر و شەویش بەدەمەتەقێ و غەیبەت و تاوان و دانیشتن بەدیار سەتەلایتەوە ، نوێژەکانیان بەپەلە و پچڕپچڕ تەواو کردوە لە چەن پەڕەیەکی کەم نەبێت قورئانیان نەخوێندوە ، یان هەر تەنها یەك پەڕەیشیان نەخوێندوە ، زمانەکانیان وشك بووە لە زیکری پەروەردگار و دڵەکانیشیان بێ ئاگا لە پەرەستن و چاوەکانیشیان لە کانیەك ئەچێ ساڵانێکە پڕ بوبێتەوە ، بۆیە بەردەوام لە ململانێ بوونە لەگەڵ شەهوەتەکانیان جاریك سەرکەوتوون و جارێکیش شەهوەت سەرکەوتووە بەسەریاندا ، نوێژی بەیانیان لەدەست داوە و نوێژی مەغریبانیش نیوە شەو کردویانە !!!

وەك خۆیان ئەڵێن بەهۆی ماندووبوونەوە بیریان چوبوو ، کە ئەم خۆشەویستە ( ڕەمەزان ) تەنها مانگێك میوانە و دوای بەجێمان ئەهێڵێ .

لەپاش ڕەمەزانیش وەك بڵێی ( نعوذ بالله ) خوای ڕەمەزان جیاواز بێ لە خوای مانگەکانی تر دەبینین پەرەستنەکانیان نەك تەنها ڕوو لە کزبوون ئەکات بەڵکو زۆربەیان بەیەکجاری تا ڕەمەزانی داهاتوو واز لە پەرەستنەکان ئەهێنن بەتایبەت نوێژکردن !! باشە ئەمە لەپای چی ؟

مەگەر خوای ڕەمەزان خوای مانگەکانی تر نیە ؟!

بەدڵنیاییەوە ئەم کۆمەڵەیە گەر خوای پەروەردگار بیەوێ سزایەکی سەختیان ئەدات گەر بیشیەوێ لێیان خۆش ئەبێ ، ئەوە تەنها لە دەسەڵاتی خۆیدایە .

**کۆمەڵەی دووەم :** ئەو کەسانەن کە لەم مانگە پیرۆزەدا هیچ جۆرە پەرستنێکیان ئەنجام نەداوە نە ڕۆژویان گرتوە و نە نوێژیشیان کردوە !!! ڕۆژیان وەك شەو بەخەوتن بەسەر بردوە و شەویشیان بەدیار سەتەلایتەوە تێپەڕاندوە !!

نە شەو نوێژو نە ( ليلة القدر ) ، وەك بڵێ مردن هەڵگیرابێ و تاماون بەزیندویی ئەمێننەوە !!! باشە ئەم جۆرە کەسانە گەر لە مانگێکی پیرۆزی وەك ڕەمەزان باش نەبن و بەخۆیاندا نەچنەوە ئاخۆ کەی بیرێك لەپاشە ڕۆژی خۆیان ئەکەنەوە و باش ئەبن ؟!

لە هەرکامێکیشیان بپرسە بۆچی نوێژناکەیت و بە ڕۆژوو نەبویت هەر یەکەو پاساوێك ئەهێنێتەوە !!!

ئەمیان ئەڵێ مەعیدەم نەخۆشە و نەمتوانی بەڕۆژوو !! بم کەچی ئەو کاتانەی خۆشەویستەکەی لێی زویر ئەبێ ئامادەیە (٣) ڕۆژ نان نەخوات تا ئاشتی بکاتەوە !!!!

ئەوی تریان ئەڵێ نەمتوانی تا ئێوارە جگەرە نەکێشم !!! باشە جگەرە لە خوای پەروەردگار خۆشەویست ترە بەلاتەوە ؟!! ئەو خوایەی کە ڕۆحی تۆی بەدەستە ؟!

ئەتوانی لە ئاست کاربەدەستێکی گەورەی دونیا دوو ڕۆژ جگەرە نەکێشی کە لەقیامەتدا هیچ بەدەستە کەچی ناتوانی بۆ خوای پەروەردگار (١٠) سەعات واز لەجگەرە کێشان بهێنیت ؟!

یەکێکی تر ئەڵێت لە داخی دز و درۆزن ڕۆژووم نەگرت !!! ئەی با تۆ ڕاستگۆ و دەست پاك ببویتایە و بۆ خوا بەڕۆژو ببوایەی نەك بۆ خەڵك !!!

کۆمەڵێکی تر ئەڵێن منداڵەکانمان وردن و بژێویش سەختە و ئیش و کار ماندوی ئەکردم باشە بەدرێژایی (١١) مانگ منداڵەکانت لەبرسا نەمردن بۆ مانگێك ئەمرن ؟! بەتایبەتی مانگی ڕەمەزانیش کە بە مانگی خێر و بەرەکەت ناسراوە ئەی بیرت چوو کە پەروەردگار ئەفەرمووێ : ﴿ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴾ ( سورة الأنعام ١٥١)، واتە : ئێمە ڕزق و ڕۆزی خۆتان و

منداڵەکانیشتان دەدەین ، ئەی ناترسیت پەروەردگار ڕۆزیت ببڕێ ئەو کاتە شەو و ڕۆژ بدەی بەدەم یەکەوە هیچ بەهیچ ناکەی .

یەکێکی ترو یەکێکی تر .... هتد .

بەم شێوەیە هەریەکە و پاساوێك ئەهێنێتەوە دەبا کاکی عاشق لە قیامەتدا خۆشەویستەکەی شەفاعەتی بۆ بکات ، و کاکی جگەرە کێشیش باجگەرەکەی لە دۆزەخ بیپارێزێ و کاکی دەست پاکیش بابتوانێ بەبێ نوێژ و ڕۆژوو تەنانەت بۆنی بەهەشتیش بکات بە بێ سزای سەختی دۆزەخ یان بەرکەوتنی ڕەحم و بەزەیی خوای میهرەبان ، کاسب کارانیش با پارە و سامان و منداڵەکانیان ببنە پردێك بۆیان بەرەو بەهەشت !!

سوێند بێت بە پەروەردگاری هەموو مانگەکان پاساوی هەرهەمویان لە قیامەتدا دەدرێتەوە بەڕوویاندا و لێیان قبوڵ ناکرێ ، چونکە لە دونیادا دڵی خۆیان بەم پاساوانە خۆش کردوە .

ئافرەتانیش خوا پەنامان بدات لە کۆمەڵەی یەکەم و دووەمدا ڕێژەیان لە پیاوان زۆرترە ، چونکە یان بەپۆشاکی مۆدە و مکیاج کردنێکی تەواوەوە بەڕۆژوو بوون !!! یان لەگەڵ تەواو بوونی ڕەمەزان دەگەڕێنەوە سەر جل و بەرگی مۆدەی تەسکی نیوە ڕووتی ناشەرعی و دەگەڕێنەوە سەر بۆیاغ

کردنی خۆیان ئاخۆ یەکێك پێم نالێت بەچ بەڵگەیەکەوە ئەم کارە ئەکەن ، لەچ ئایەتێکی قورئان و لەچ فەرموودەیەکدا ئەمرتان پێکراوە ئەم کارە بکەن. یان زۆرێکیان هەر بە ڕۆژوو نەبوون جا بەهەر پاساوێکی ناشەرعی بێت ئەوا بەڕوویاندا ئەدرێتەوە .

هەموو ئەمانە لەپای چی ؟ ئایە بەم شێوەیە پاداشتی ئەو پەروەردگارە بدەینەوە کە ئەم مانگە پیرۆزەی بەخەڵات ناردوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی لە گومڕابوون ڕزگارمان بکات بە دڵنیاییەوە گەر بەر لە مردن تەوبەیەکی پاك و ڕاستەقینە نەکەن ئەوا کۆمەڵەی دووەم لە ئاگری دۆزەخدا ئەبن ئەو کاتە پەنجەی خۆیان ئەگەزن بەڵام دوای چی ( والله أعلم ) .

ئامان برایان و خوشکان ئامان سەد ئامان با مانگی ڕەمەزان نەکەینە دوژمنی قەبر و قیامەتمان با لە قیامەتدا بەچاکە شایەتیمان لەسەر بدات با لە ڕوومان نەوەستێ و با بە پشت هەڵکردن لە قورئان و پەرەستشەکان شایەتیمان لەسەر نەدات ، جا ماڵ وێران ئەو کەسەی لە قیامەتدا ڕەمەزان لەدژی بوەستێ لێی ناڕازی بێت .

جا ئەی ئەو کەسەی لە ڕەمەزاندا کەم تەرخەم بویت چۆن لەڕووت دێت داوای شەفاعەت و لێخۆش بوون بکەیت ؟ ئەڵێی خوای پەروەردگار بەڕەحمە

؟!! بەڵێ ڕاستە بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەکارن ، گەر بەڕەحمیش بێت بەم شێوەیە پاداشتی ئەو هەموو ڕەحم و بەزەییە ئەدەیتەوە ؟!

**ماوەتــەوە بڵــێم** : مەرج نیە وەکو مانگی ڕەمەزان بە چڕو پڕی پەرستنەکان ئەنجام بدەین ، بەڵام هیچ نەبێ با فەرزەکانمان لە دەست نەچێ ، یا هیچ نەبێ کەم تەرخەمی تیا نەکەین و سستی نەنوێنین ، با ڕۆژانە قورئان بخوێنین با کەمتریش بێ لەوی کە لە ڕەمەزاندا دەمانخوێندەوە ، با لە پەروەردگار بپاڕێینەوە ئەگەر بۆ خولەکێکیش بێ ، با کەمتر لەمانگی ڕەمەزان گوێ لەقورئان بگرین ، باشترە لەوەی هەر گوێی لێ نەگرین !!! هیچ نەبێ با لە مانگێکدا (٣) ڕۆژ بەڕۆژوو بین !!

لە پاش ئەم هەموو نوسینە نازانم بڵێم ماڵئاوا مانگی ڕەمەزان و بە ماڵئاوایی کردنی بگریم ؟ یان بۆ حاڵی خۆمان بگریم کە ساڵێك لە تەمەنمان تێپەڕی و ڕەمەزانێکی ترمان بەڕێکرد و نەمانتوانی بەگوێرەی پێویست پەروەردگارمان بپەرستین .

بۆیە لە نێوان لێکدانەوەی ئەم دوو ئایەتەدا هەردەم لە تێفکریندام ، ئایەتێکی دڵخۆشکار کە خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی : ﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ

جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ ( سورة الزمر : ٥٣ ) ، لە بەرامبەردا ئایاتێکی ترسێنەر کە خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی : ﴿ وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ ﴾ ( سورة الزمر : ٤٧) .

ئاخۆ ئێمەی ڕۆژووانانی ئەم سەردەمی پڕ لە تاوانە ، لە ڕیزی ئەو کەسانەین کە لە ئایەتی دووەمدا باس کراوین ، یان پەروەردگاری میهرەبان بە سۆز و بەزەیی خۆی لە ڕیزی ئەوانەمان دەژمێرێت کە لە ئایەتی یەکەمدا باسی کردوون ؟

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**ئامادەکردنی : هاوار عبداللە**

**پێداچوونەوەی : مامۆستا عدنان بارام**